*Journal of Language Studies* Vol.8, No.5, 2024, Pages (178-212)
DOI: https://doi.org/ 10.25130/Lang.8.5.10

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Code-switching in Kurdish communication "Khanaqin Dialect as an Example"

**Salam Raheem Rashid***
**Dept. of Kurdish Language, College of Education, University of Garmian**
Salam.Rahem@garmian.edu.krd
&
**Khoshnaw Azeez Hama Ameen**
**Dept. of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin**
khoshnaw.aziz@uor.edu.krd
&
**Sozan Kareem Muhamed**
**Dept. of Kurdish Language, College of Language & Human Sciences, University of Garmian**
Sozan.karem@garmian.edu.krd

**Received:** 16 /10 / 2023 , **Accepted:** 21 / 12 /2023, **Online Published: 31 / 5/ 2024**

## Abstract

In linguistics, especially in communication, code-switching, or skipping from one linguistic code (dialect or a language) to another, as a reference to the use of several languages or several dialects together, usually occurs in multilingualism groups that the speaker uses the elements of multiple diverse languages. This process is related to a number of factors, principles and specific circumstances. Khanaqin City is one of these areas where this phenomenon is witnessed and worth studying, this by taking its geographical location and political situation into consideration, and their influences on this linguistics phenomenon.

* **Corresponding Author**: Salam Raheem**, Email:** Salam.Rahem@garmian.edu.krd
**Affiliation**: Garmian University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

Consequently, this study which is entitled Code-switching in Kurdish communication "Khanaqin Dialect as an Example", is devoted and intended to demonstrate that in linguistic sphere, it is possible to deal with the phenomenon through speech analysis. i.e., it is attempted that the code-switched linguistic forms of this area to be discussed and studied depending on linguistics criteria.

In order to achieve the objectives, descriptive analysis method has been applied in this paper. The structure of the paper in spite of the preface and an introduction of the subject is outlined into two parts as follows:

The first part is the theoretical aspect of the research, in a brief introduction of Khanaqin and the use of language there have been presented. The second part is the practical aspect of the study, which adresses the phenomenon of code switching, its principles and types within the scope of the research. It has been strived to elaborate the topics in the form of analysis and providing examples.

The results obtained, the list of bibliography, in addition to this summary in Arabic and English languages conclude this effort.

**Keywords:** Code-Switching, Code-Mixing, Multilingualism, Language, Factor..

## التبادل الرموز في الكلام الكردي ـ لهجة خانقين أنموذجا

**سلام رحيم رشيد**

قسم اللغة الكوردية، كلية التربية، جامعة گەرميان

و

**خوشناو عزيز حمەأمين**

قسم اللغة الكوردية، كلية التربية الأساس، جامعة ڕاپەڕين

و

**سوزان كريم محمد**

قسم اللغة الكوردية، كلية اللغات والعلوم الانسانية، جامعة گەرميان

### المستخلص

في علم اللغة، ولاسيما في عملية التواصل (Communication)، أو التبادل الرموز، أو القفز من رمز لغوي (لهجة أو لغة) إلى أخرى، بوصفه إشارة إلى فعل استخدام عدة لغات أو لهجات معا، يحدث على نحو عام في مجتمعات متعددة اللغات (Multilingualism) عندما يستخدم المتحدث عناصر من عدة لغات مختلفة، ويرتبط هذا المفهوم بعدد من العوامل والمبادئ والظروف المحددة، ومن المناطق التي تتركز فيها هذه الظاهرة مدينة خانقين، مع الأخذ بعين الاعتبار موقعها الجغرافي ووضعها السياسي، وتأثيراتها على هذه الظاهرة اللغوية فيها.

لذلك فإن هذا العمل يحمل عنوان "التبادل الرموز في الكلام الكردي ـ لهجة خانقين أنموذجاً"، ويهدف إلى بيان إمكانية معالجة الظاهرة في البيئة اللغوية، ومن خلال تحليل الكلام، أي محاولة إخضاع الأشكال اللغوية المتعرضة للتبادل الرموز في هذه المنطقة من ناحية الشكل والمعنى وبناءً على المعايير اللغوية الى البحث والتقصي.

ومن أجل تحقيق الأهداف المرجوة تم استخدام المنهج (الوصفي التحليلي)، وتنقسم بنية العمل فضلا من مقدمة ومدخل ـ الذي يعد بمثابة تمهيد وبداية للولوج في الموضوع ـ يتكون من الفصلين، على النحو التالي:

خصص الفصل الأول للجانب النظري للبحث، ويتضمن عدة موضوعات ومقدمة عن خانقين وكيفية استخدام اللغة هناك. أما الفصل الثاني فمخصص للجانب التطبيقي للعمل والذي يغطي ظاهرة التبادل الرمزي ومبادئها وأنواعها ضمن نطاق البحث، وتمت فيه محاولة شرح الموضوعات على شكل تحليل معززا ذلك بنماذج وأمثلة.

وختاما تم عرض أهم النتائج التي تم الحصول عليها، وقائمة المصادر المستخدمة، بالإضافة إلى هذا الملخص باللغتين العربية والإنجليزية.

**<u>الكلمات الدالة</u>:** تبادل الرمزز ، خلط الرموز، تعدد اللغات، اللغة، السبب.

## کۆدگۆڕین لە ئاخاوتنی کوردیدا ـ شێوەزاری خانەقین بە نموونە

**سەلام ڕەحیم ڕەشید**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان

**خۆشناو عەزیز حەمەئەمین**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین

**سۆزان کەریم محەمەد**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان، هەرێمی کوردستان

پوختەی توێژینەوەکە:

لە زمانەوانیدا، تایبەت لە کردەی پەیوەندیکردن (Communication)دا کۆدگۆڕینەوە، یان بازدان لە کۆدێکی زمانەوانی (دیالێکت یان زمانێک) بۆ کۆدێکی دیکە، وەک ئاماژەیەک بۆ کردەی بەکارهێنانی چەند زمانێک یان چەند دیالێکتێک پێکەوە، بە گشتی لە کۆمەڵ

فرەزمانەکان (Multilingualism)دا ڕوودەدات، کە ئاخێوەر ئەلەمێنتەکانی چەند زمانێکی جودا بەکاردەهێنێت، ئەم پێواژۆیەش بە کۆمەڵێک هۆکار و بنەما و باری تایبەتەوە پێوەندیدارە، یەکێک لەم ناوچانە، کە ئەم دیاردەیە تێیدا جێگەی هەڵوەستەیە (خانەقین)ـە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی هەڵکەوتەی جوگرافیایی و دۆخە ڕامیارییەکەی، و کاریگەرییەکانیان لەسەر ئەم دیاردە زمانەوانییە تێیدا.

بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "کۆدگۆڕین لە ئاخاوتنی کوردیدا ــ شێوەزاری خانەقین بە نموونە" تەرخانکراوە، و ئامانجیەتی دەریبخات، کە دەشێت لە نێو دەوروبەری زمانیدا، و لە ڕێگەی شیکردنەوەی ئاخاوتنەوە مامەڵە لەگەڵ دیاردەکە بکرێت، واتە هەوڵدەدرێت فۆرمە زمانییە کۆدگۆڕاوەکانی ئەم ناوچەیە لە ڕووی فۆرم و واتاوە پشتبەست بە پێوەرە زمانییەکان بخرێنە بەر باس و توێژینەوە.

لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانیش سوود لە ڕێبازی (پەسنیی شیکارانە) وەرگیراوە، پێکهاتەی توێژینەوەکەش سەرباری پێشەکی و دەروازەیەک، کە سەرەتا و دەستپێکن بۆ چوونە نێو باسەکەوە، بەپێی پلانێک بۆ دوو بەش دابەشکراوە، بە جۆرێک:

بەشی یەکەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوەکەیە، و لە چەند بابەتێکدا بەراییەک لە بارەی (خانەقین) و چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان تێیدا خراونەتەڕوو. بەشی دووهەم: لایەنی جێبەجێکەرانەی کارەکەیە، کە دیاردەی کۆدگۆڕین و بنەما و جۆرەکانی لە سنووری توێژینەوەکەدا دەگرێتەوە، و تێیدا هەوڵدراوە بە شێوەی شیکاری و نموونەهێنانەوە بابەتەکان ڕوونبکرێنەوە.

ئەنجامە بەدەستهاتووەکان، و ڕیزکردنی سەرچاوە سوودلێوەرگیراوەکان، لەگەڵ ئەم پوختەیە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی دەبنە کۆتایی ئەم هەوڵە.

کلیلەوشەکان: کۆدگۆڕین، کۆدتێکەڵکردن، فرەزمانی، زمان، هۆکار.

## پێشەکی

کۆدگۆڕینەوە، کە پێواژۆی گواستنەوە لە کۆدێکی زمانەوانی بۆ کۆدێکی دیکە، یا مەبەست لە بەکارهێنانی یەکلەدواییەکی کۆدەکانی دوو دیالێکت و زمان دەگرێتەوە، یاخود یەکخستنێکە وەک ئامازەیەک بۆ جێبەجێکردنی جووڵەکردن لە یەککاتدا بۆ پێش و دواوە لە نێوانیان زمان و دیالێکتەکاندا، ئەوا وەک کردەیەک لە ئەمڕۆدا پتر تەشەنەیکردووە، بە ڕادەیەک نزیکبووەتەوە لە ئەوەی ببێت بە نەریتێکی زمانی بە تایبەت لە کۆمەڵە فرەزمانەکاندا (Multilingualism)، ئەمەش لە ئەنجامی کرانەوەی ژیان بە ڕووی دونیا، و زیادبوونی بەکارهێنانی زمانی دووەم، و دروستبوونی کاریگەری لەسەر زمانی یەکەم، هەروەها باروودۆخە ڕامیاری، ئابوری، تەکنەلۆژیا، و ... تاد. لەگەڵ هاتنە نێوەوەی پێداویستییە سەردەمییەکان و هەڵکەوتەی جوگرافیایی و چەندین هۆکاری دیکەوە ڕوودەدات، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە ئەم بابەتە ــ کۆدگۆڕینەوە ــ یەکێک لە بابەتە سرک و ئاڵۆزەکانە، چونکە تەنیا دیاردەیەکی زمانەوانی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونیشە، تەنانەت توێژەرانی ناسنامە و دیاریکەری نەژادیش گرنگییانپێداوە، و هەریەکەیان لە کلاوڕۆژنە و ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە لە بابەتەکەیان توێژیوەتەوە. ئەم باسەش بۆ "کۆدگۆڕین لە ئاخاوتنی کوردیدا ـــــــ شێوەزاری خانەقین بە نموونە" تایبەتکراوە، و لە بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا کاری لە بارەی ناساندن و چۆنیەتی و بنەماکانی دەرکەوتنی کردەکە لە ئاخاوتنی ئەم شێوەزارەی زمانی کوردیدا کردووە، بە جۆرێک دەبێتە هەوڵێک بۆ دیاریکردن و نیشاندانی بەکارهێنانی کۆدگۆڕینەوە لە هەردوو پێکهاتە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسییەکاندا، واتە تایبەتمەندییە زمانییەکانی (کۆدگۆڕینەوە لە ئاخاوتندا) پەیوەست بە ئاخێوەرانی زمانەکانی کوردی، عەرەبی و تورکمانی لە شاری خانەقیندا دەخاتەڕوو.

### ٠ . ١: هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

کۆدگۆڕینەوە و چۆنیەتیی دەرکەوتنی لە ئەو بابەتە گرنگانەیە، کە لە توێژینەوەی ئێستای زمانەوانیدا گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام وەک زۆر بابەتی دیکە لایەنەکانی ئەم دیاردەیە لە شێوەزاری خانەقیندا، وەک ناوچەیەکی فرەزمان، و خاڵی بەیەکگەیشتنی هەردوو زاری کرمانجیی ناوەڕاست و خواروو نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست، یا وەک پێویست نەخراوەتەڕوو، و دەستی بۆ نەبراوە، ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی کاری دیکەدایە، بۆیە پێویستبوو ئەو کەلێنە پڕبکرێتەوە، کەواتە هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەو پێویستییە هەنووکەییە دەگەڕێتەوە، کە دەبێت بۆ تەواوکردنی بوار و بابەتەکانی زمانەوانیی کوردی ئەنجامبدرێت، لەگەڵ گرنگیدان بە باروودۆخی زمانی لە ناوچەکەدا.

### ٠ . ٢: سنوری توێژینەوەکە

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە شێوەزاری (خانەقین) لە دیالێکتی کرمانجیی خواروو بە ئامانجگیراوە، واتە کارەکە بۆ شیکردنەوەی فۆڕمە گۆڕاو و تێکەڵکراوەکانی ئەو شێوەزارە لە هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس تایبەت لە نێو سەنتەری شارەکەدا تەرخانکراوە.

### ٠ . ٣: کەرەستەی توێژینەوەکە

بۆ هێنانەدی ئەنجامە خوازراوەکانی توێژینەوەکە ئاخاوتنی ڕۆژانەی قسەپێکەرانی زمانی کوردی، عەرەبی و تورکمانی لە شاری (خانەقین) بە سەنگی محەک دانراوە، و نموونە و داتاکانی لێوەرگیراوە، تاوەکو ڕوونکردنەوە و پەسنکردنەکان بسەلمێنرین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەرەستە و نموونەکان، هەموو ئەو فۆرمە گۆڕاو و تێکەڵکراوەنەن، کە لە سنوری توێژینەوەکەماندا بەسەر زاری خەڵکەوەن.

## ٠ . ٤: ئامانج و گرنگیی توێژینەوەکە

پێواژۆی کۆدگۆڕینەوە دیاردەیەکی باوە، و پتر لەو ژینگانەدا بەرهەستەدەبێت، کە ئاخێوەرانی لە زمانێك زیادتر لە ئاخاوتنەکانیاندا بەکاردەهێنن، (شێوەزاری خانەقین)یش بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیایی، و بارودۆخە ڕامیاری و مێژووییەکەیەوە، لەگەڵ چەندین هۆکاری دیکەدا تێکەڵبوونی دوو زمان یا زیادتر لە ئاخاوتنی ئاخێوەرانیدا ڕوودەدات، بێئەوەی گۆڕانکاری لە بابەت و پەیامی ئاخێوەرانیدا بێتەئاراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندن و شیکردنەوەی زانستییانەی کۆدگۆڕینەوە و جۆرەکانیەتی، لەگەڵ چۆنیەتیی دەرکەوتنیانە لە ئەم شێوەزارەدا، واتە تێیدا هەوڵدەدرێت بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویستەوە لە چەمک و بنەما و تایبەتمەندی و جۆرەکانی پێواژۆی کۆدگۆڕینەوە، و هەندێک لە کۆدە گۆڕاو و تێکەڵکراوەکانی ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە بتوێژرێتەوە.

گرنگیی ئەم توێژینەوە لە ئەوە دایە، کە دەگمەنە بە شێوەیەکی وەها باس لە وردەکارییەکانی کۆدگۆڕینەوە و پێواژۆیەکانی لە ئەو شێوەزارەدا کرابێت، هەروەها بنەما و تایبەتییەکانیان خرابێتەڕوو، و جیاکاری لە نێوانیاندا کرابێت.

## ٠ . ٥: ڕێبازی توێژینەوەکە

لە ئەم کارەدا بۆ توێژینەوەی "کۆدگۆڕین لە ئاخاوتنی کوردیدا ــــــ شێوەزاری خانەقین بە نموونە"، سوود لە ڕێبازی پەسنیی شیکارانە وەرگیراوە، بە شێوەیەک لە دوای کۆکردنەوەی داتا هەوڵدراوە بابەتییانە لایەنە جۆراوجۆرەکانی کۆدگۆڕینەوە بە جیا ڕوونبکرێنەوە، دواتریش بەپێی پێویستیی ئەو بابەتانە، نموونەیان بۆ هێنراوەتەوە.

## ٠ . ٦: بەشەکانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە جگە لە ئەم پێشەکییە، لە پوختە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی، هەروەها ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان، لەگەڵ دەروازەیەک و دوو بەش پێکهاتووە، بە ئەم شێوەیە:

**دەروازە:** سەرەتا و دەستپێکە بۆچوونە نێو باسەکەوە، و تێیدا تیشکخراوەتە سەر گرنگترین چەمکەکانی تایبەت بە زمان تێکەڵکردن، بە شێوەیەک هەوڵدراوە جیاکاریی نێوانیان لە ڕووی زاراوە و چەمکەوە نیشانبدرێت.

**بەشی یەکەم:** ئەم بەشە زیادتر چوارچێوە و لایەنی تیۆریی بابەتەکەیە، و لەژێر ناونیشانی **"سەرەتایەک لە بارەی خانەقین و زمانەکەیەوە"**یە، کە تێیدا پوختەیەکی تایبەت بە شاری

(خانەقین) لە چەند ڕوانگەیەکەوە، لەگەڵ تایبەتمەندییە زمانییەکانی ئەم شارە خراونەتەڕوو، پاشان بە جیا هەریەک لە بابەتەکانی جووتزمانی لە ئەو شـــارە و هۆکارەکانی، هەروەها جووتزمانی و فرەزمانی لە ئاستی خوێندنەوە و نووسیندا نیشاندراوە.

**بـەشـــی دووهـەم:** ئەم بەشـــە لایەنی جێبەجێکەرانەی توێژینەوەکەیە، کە بۆ نـاســـانـدن و ڕوونکردنەوەی **"کۆدگۆڕین و بنـەمـا و هۆکـار و جۆرەکـانی لـە شـــێوەزاری خـانەقینـدا"** تـەرخـانکراوە، و تێیدا هـەریـەك لـە بـابـەتـەکـانی چـەمك و پێناســـەی کۆدگۆڕین، و گرنـگترین هۆکارەکانی لە ئەو شـێوەزارە و جۆرەکانی، کە هەردوو جۆری (خۆکرد و خۆنەکرد) دەگرێتەوە، بـاســـکراوە، پـاشـــان ئەم دیاردەیە لە ڕوانگەی کـات و بـارە جیـاوازەکـانـدا، لەگەڵ دەرکەوتنی کۆدگۆڕینەوە لـە ئـاخـاوتن و نووســـین و خوێـنـدنـەوەدا، هەروەهـا کۆدگۆڕینەوە لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە، و چۆنیەتیی دەرکەوتنیشـــی بەپێی تایبەتمەندیی ڕســـتـەیی لەگەڵ کۆدگۆڕینەوە لە وشەسازیدا بە نموونە و ڕوونکردنەوەی پێویستەوە خراونەتە بەر باس و توێژینەوە.

## دەروازە:

پێواژۆ و کردەی بـەکـارهێنـانی جۆراوجۆرێتی لە زمـانی  پێوەنـدیکردن (تێگەیشـــتن و تێگەیاندن)دا، یاخود یەکخســـتنی دوو زمان یا دیالێکت لە لایەن ئاخێوەرانەوە بۆ پێوەندیکردن و گەیاندنی مەبەست، و گواستنەوەی بیر و چەمکەکان، کە "بواری پۆلکردن و هەڵبژاردنی کەسێک یا کۆمەڵێک لەژێر کاریگەریی دوو زماندا لە هەڵوەستە و بارودۆخە جوداکاندا دەگرێتەوە" (مارتینی، ٢٠٠٩: ٢٢١)، بە گشـتی هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە زۆرینەی ڕەهای قسـەکردنەکانیاندا جۆری زمـانی جیـاواز، یـان زیـادتر لـە زمـانێك بوونی هـەیـە، کـە ئـەمـەش بۆ خۆی بـە هۆکـاری ســـەرەکیی ســـەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە دادەنرێت، بە گوتەیەکی دیکە هەمەچەشـنی لە بەکارهێنانی

زماندا دیاردەیەکی سروشتییە، و هەموو زمان و ئاخێوەران تووشی دێنەوە، هەروەها مەرجیش نییە، کە ئەم دیاردەیە هۆکارەکەی تەنیا زمانی بێت، یاخود بە لایەنی کەموکورتیی زمان هەژماربکرێت، بۆیە هەرچی چۆنێک بێت لە پێڕەوی زمانیدا دوو زمان کاتێک یەکتردەبڕن/ بەیەکدەگەن، کە ئاخێوەر وابەستە و پابەندبوونی بە زمانێک لە ئاخاوتنەکەیدا لەدەستدەدات، و بە هۆی زمانێکی دیکەوە بەردەوامدەبێت (Clyne,1991: 193)، بە واتای ئەوەی "قسەکەر کاتێک زمانێک هەڵدەبژێرێت، و قسەی پێدەکات، پاشان لە کاتی ئاخاوتندا، و بێ پچڕان لە ئاخاوتنەکەیدا ئەو زمانە دەگۆڕێت، کە پێشتر بەکاریهێنابوو، زمانێکی دیکە یا شێوە و جۆرێکی دیکە لە هەمان زمان هەڵدەبژێرێت، و درێژە بە ئاخاوتنەکەی دەدات" (Gumperz, 1982: 270).

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە ئەو توێژینەوانەی بە زمانی کوردی لە بارەی هەمەچەشنی لە بەکارهێنانی زمانیدا ئەنجامدراون، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە چەندین زاراوەی وەك >>بەیەکداچوونی زمانی، بازدانی زمانی، زمانگۆڕین، زمانتێکەڵکردن، کۆدگۆڕین، کۆدتێکەڵکردن، دوو دیوی زمانی، بەریەکەوتنی زمانەکان، پەڕینەوە، و ... تاد.<< (فەتاح، 2010: 142-143)، زۆرجار بە هەمان مەبەست و واتا بەکارهێنراون، بە ڕادەیەک ئەم باری سەرنجە دەربارەی تێکەڵاوبوونی بەکارهێنانی ئەم چەمکانە لە زمانانی دیکەش بەدیدەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا چەمکی هەریەک لە زاراوەکانی >>دوودیوی زمانی – Diglossia<< و >>کۆدگۆڕینەوە – Code-Switching<<، لەگەڵ >>کۆدتێکەڵکردن – Code-Mixing<< سێ چەمکی جیاوازن، یاخود بە گوتەیەکی دیکە سێ شێوەی بەکارهێنانی دوو زمانی جیاواز دەگرنەوە، کە لێرەدا ئاماژە بە چەمکی هەریەکەیان دەدەین، بە ئەم شێوەیە:

### یەکەم: دوودیوی زمانی – Diglossia

دوودیوی زمانی، وەک چەمکێک لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، ئاماژە بە دوو دیو یا دوو لایەنی هەمان زمان دەکات، یاخود بەکارهێنانی شێوەی باڵا و نزمی زمانێک لە کۆمەڵێکدا دەگرێتەوە، کە شێمانەی ئەوە دەکرێت شێوەی جێگیری هەبێت (Myerhoff, 2019: 102)، واتە زۆرجار تاک بەپێی بارودۆخی جیاواز شێوازی زمانی جیاواز بەکاردەهێنێت، وەك بەکارهێنانی شێوازی زمانێك لە شوێنی کارکردن، و بەکارهێنانی زمانێکی دیکە لە ماڵەوە، کە ئەمەش پێیدەگوترێت دوو دیوی زمانی، یاخود بە گوتەیەکی دیکە دەگوترێت: بارودۆخێکی زمانییە، ئاماژە بە بوونی دوو شێوەی جیاوازی زمان لە نێو یەك زماندا دەکات، کە دەکرێت یەکێکیان زمانی ستانداد یان فەرمی یان ئەدەبی بێت، ئەوەی دیکەکەشیان نافەرمی (عەلی، ٢٠١٥: ٧٦).

لە دوای ئەم ڕوونکردنەوەیە، بۆچوونەکەی (فێرگسۆن ــــــ Ferguson) سەبارەت بە ئەم کردەیە پەسنددەکەینەوە، کە پێیوایە دوودیوی زمانی، دوو دیوی هەمان زمانە، یا ململانێی نێوان ستاندارد و زارەکانی هەمان زمانە، کە ئەرکی کۆمەڵایەتیی جیاواز دەبینن، و تایبەتمەندییەکانی [ئەرکی کۆمەڵایەتی، پلەوپایە، پاشخانی ئەدەبی، فێربوونی واتە: منداڵ کامیان زووتر فێردەبێت، ستانداردی، چەسپاوی و جێگیری، ڕێزمان، وشە و یەکەی فەرهەنگی، داڕشتنی بڕگە و دەنگ] دەکرێت بکرێنە پێوەر بۆ جیاکردنەوە و ناسینەوەیان (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦ ـ أ: ٤٣).

### دووهەم: کۆدگۆڕین ـ Code-Switching

کردەی کۆدگۆڕینەوە، گواستنەوە لە نێوان دوو، یاخود زیادتر لە دوو زمان لە کاتی ئاخاوتن لە لایەن ئەو ئاخێوەرانەی زیادتر لە زمانێک دەزانن دەگرێتەوە، بێئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە بابەت و پەیامی ئاخێوەراندا ڕووبدات (Poplack, 1983: 70)، لە ئەمەوە دەکرێت، بگوترێت: بەکارهێنانی کۆدی دوو زمان و دیالێکتی جیاوازە لە ئاخاوتن و گفتوگۆدا، یاخود ئەو ئاخێوەرانەی دوو زمان دەزانن، ئەوا لە کات و شوێنی جیاوازدا کۆدگۆڕینەوە بەکاردەهێنن، کەواتە کۆدگۆڕین، کردەی بەکارهێنانی کۆدی دوو زمانەکە سەربەخۆیانەیە، کە بە نۆرە لە گفتوگۆکردندا بەکاردەهێنرێن (عەبدوڵلا، ٢٠١٦ ـ أ: ٧٥).

### سێهەم: کۆدتێکەڵکردن ـ Code-Mixing

زۆرجاریش لە ئاخاوتندا کۆدی دوو زمان، یا زیادتر تێکەڵی یەکدی دەکرێن، و بە کۆدی تێکەڵکراو قسەدەکەن، مەرجی ڕوودانی ئەم دیاردەیەش ئەوەیە، کە دەبێت هەردوو زمانەکە لە هەمان کۆمەڵدا لە پێوەندیکردندا بەکاربهێنرێن، چ بە شانبەشانی یەکدی بێت، چ بە شێوەی لاسەنگ، یاخود بەشدارانی ئاخاوتنەکە خاوەنی هەمان جووتە زمانبن، و دەستەڵاتیان بەسەردا بشکێنەوە، لە ئەمەوە بەیەکداچوونی زمانی، یا تێپەڕاندن ڕوودەدات (جاس و سلینکر، ٢٠٠٩: ٢٢١)، کەواتە دەکرێت، بگوترێت: زمانتێکەڵکردن، کە تێکەڵکردنی دوو کۆد یا دوو زمانە، دیاردەیەکی زمانەوانییە لە کۆمەڵە دوو زمانییەکان، یاخود چەند زمانییەکاندا بەرقەرارە، بە جۆرێک زۆرجار وا ڕێکدەکەوێت، کە قسەکەر هەردوو زمانەکە لە تەنیا ئاخاوتنێکدا هەریەکەیان بە ڕێژەیەک بەکاربهێنێت (ناوخۆش، ٢٠١٠: ٧).

لە دوای ئەم ڕوونکردنەوانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە هەریەک لەم سێ دیاردە زمانییە لێکدانەوە و دابەشکاری و ئەدگار و بنەمای تایبەت بە خۆیان هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە زۆرێک لە توێژینەوە و کارە زمانناسییەکاندا تێکەڵاوی یەککراون، و جیاوازی لە نێوانیاندا نەکراوە، بە جۆرێک هەندێکیان هەموویان لە ژێر چەمکی کۆدگۆڕین (Code-Switching) و هەندێکی دیکەیان لەژێر چەمکی کۆدتێکەڵکردن (Code-Mixing)دا پۆل و پێناسەیان کردوون، یان بەشێوەیەکی دیکە هەندێکیان کۆدتێکەڵکردنیان خستۆتە ناو کۆدگۆڕینەوە، یانیش بە پێچەوانەوە (بڕوانە: عەبدوڵلا، ٢٠١٦ ـــ أ: ٧٥)، بەڵام هەندێکی دیکەیان جیاوازییان لە نێوانیاندا کردوون، بە وێنە (گامپێرز ـــــ Gumperz) لە بەراوردکردنی دیاردەی کۆدگۆڕین و دوودیوی زمانیدا، بە ئەم شێوەیە ڕونکردنەوەکەی دەخاتەڕوو: لەدوو دیوی زمانیدا، کۆدگۆڕین تاڕادەیەکی زۆر لە جۆری شوێنیدایە، واتە بە دەوروبەر و شوێن بەستراوەتەوە، هەروەها شێوە دیاریکراوەکان لە شوێنە تایبەتەکان، وەکو: لەنێو خێزان، قوتابخانە و شوێنی کارکردندا بەکاردەهێنرێن، لە لایەکی دیکەشەوە ئاخێوەران لە کاتی دوودیوی زمانیدا ئاشنای زیادتر لە پێرەوێکی ڕێزمانین، بەڵام لەهەر بارودۆخێکدا تەنیا کۆدێک بەکاردەهێنن، ئەمەش دەبێتە جیاوازیی نێوان دوودیوی زمانی و کۆدگۆڕینەوە، چونکە بنەمای کۆدگۆڕینەوە، بوونی توخم گەلێکە لە دوو یان چەند پێرەوێکی

زمانی جیاواز لە تاکە ئاخاوتنێکدا، هەروەها (فێرگسۆن ـــــ Ferguson)یش جەخت لە ئەوە دەکاتەوە، کە دیاردەی دووديوی زمانی بارێکی تاکزمانییە، کە بەکارهێنانی دوو شێوەی جیاوازیی یەك زمان دەگرێتەوە (سعیدی و أریان: ١٣٩٤: ١٤٧).

ئێمەش لە چوارچێوەی کارەکەماندا ئەم دیاردانە جیادەکەینەوە، بە تایبەت هەردوو چەمکی کۆدگۆڕینەوە و کۆتێکەڵکردن، و وەک دوو ستراتیژ و توانستی کۆدگۆڕینەوەی تەواوکەری یەکدی لێیاندەڕوانین، لەبەر ئەوەی هەموو کۆدتێکەڵکردنێک کۆدگۆڕینەوەیە، بەڵام هەموو کۆدگۆڕینەوەیەک نابێت بە کۆدتێکەڵکردن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە کۆدگۆڕین وەک شازاراوەیەک هەردوو دیاردەکە لەخۆدەگرێت[١]، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە بە تایبەت تیشکدەخاتە سەر کۆدگۆڕینەوە، چونکە ئەو دیاردەیە دەکەوێتە ئاستی ڕیزمانی ئاخاوتن و بە دیاریکراویش لە ئاستی (وشەسازی و ڕستەسازی)دا بەرهەستەدەبێت.

## بەشی یەکەم

## سەرەتایەک لە بارەی خانەقین و زمانەکەیەوە

### ١ . ١: پوختەیەک لە بارەی شاری (خانەقین)ـەوە

شاری (خانەقین) لە ڕووی پێگەی جوگرافیاییەوە بەشێك لە باشووری ڕۆژهەڵاتی باشووری کوردستان پێکدەهێنێت، و دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای (دیالە)وە، بە شێوەیەک سنوری هەردوو وڵاتی (عیراق و ئێران) بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها سنووری شاری خانەقین لە باکورەوە بە چیای (بەمۆ) لە پارێزگای (هەڵەبجە) جیادەکرێتەوە، لە باشووریشەوە بە چیای (حەمرین) دەورەدراوە، کە ئەویش لە هەردوو قەزای (مەندەلی و شارەبان) جیایدەکاتەوە، لە ڕۆژئاواشەوە ڕووباری (سیروان) لە هەردوو قەزای (کەلار و کفری) جیایدەکاتەوە، زنجیرە چیای (زاگرۆس)یش سنوری ڕۆژهەڵاتی ئەم شارە جیادەکاتەوە.

سەبارەت بە ناو و زاراوەی (خانەقین) چەندین ڕاو بۆچوون هەیە، و زۆرینەی بۆچوونەکانیش لە بارەی ئەوەوە کۆران، کە ئەم شارە ناوەکەی لە دوو بەش پێکدێت {خان + قین}،

---

[١] بۆ زانیاریی زیادتر لە بارەی ئەم تێکەڵاوبوونە، و چۆنیەتیی جیاکردنەوەیان بڕوانە:
ـ عەبدوڵڵا، هیوا مەولود (2016 ـ أ)، ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردیدا، لا ٧٤ ـ ٧٦، و ئەو سەرچاوانەی تێیدا بەکارهێنراون.

بە لێکدانەوەی وشە بە وشەی پێکهێنەرەکان ناوەکەیشی دەردەکەوێت، کە لە بارەی بەشی یەکەم {خان}ـەوە هەموو بۆچوونەکان بۆ ئەوە دەچنەوە، کە بە واتای شوێنی حەوانەوە و مانەوەی ڕێبوار بۆ کاتێکی دیاریکراو دێت، چونکە ئەم شارە خانێکی زۆری تێدابووە، کە تاوەکو ئێستاش پاشماوەی بەشێکیان ماونەتەوە، ئەم خانانە بوون بە کاروانسەرا و شوێنی مانەوەی ئەو خەڵکانەی لە وڵاتی (ئێران)ـەوە بە مەبەستی سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی عێراق هاتوون، و بە تایبەتیش بۆ ئەو ڕێبوارانەی سەردانی هەریەک لە شارەکانی (نەجەف و کەربەلا)یان کردووە. ئەوەشی لە بارەی بەشی دووهەمەوە {قین}یشە، ئەوا بۆچوونەکان هەندێ جیاوازن، بە جۆرێک هەندێك پێیانوایە بەشی دووهەمی ناوەکە لە وشەی (کێو)وەوە هاتووە، واتە (خانە کێو) بە واتای خان یان شوێنی شاخاویش هاتووە، بۆچونێکی دیکەش هەیە، کە دەڵێت: ناوی (خانەقین) لە {خان} و {نەقی}یەوە هاتووە، کە بەشی دووهەمی ناوەکە، واتە {نەقی} گوایە کەسێکی ناوداربووە، و خاوەنی چەندین خانێك بووە لە شارەکەدا (عمر، ٢٠٠٤: ٦١). هەندێکی دیکەش پێیانوایە لە (خان و قین)ـەوە هاتووە، کە لەم بۆچوونەدا {قین} بە واتای توڕەبوون، یا توندی هاتووە، گوایە {قین}ـەکە ئەو ڕق کین/ قینەیە، کە فارسەکان بەرانبەر بە (نوعمان کوڕی مونزیر) کردوویانە، و لە شاری خانەقین بەندکراوە بە مەبەستی ئازاردانی، و دواتریش بووە بە هۆی مردنی ئەو کەسە، بۆیە ناوچەکە لە ئەو کاتەوە بە ناوی (خانەقین) ناونراوە، بە واتای شوێنی ئەو کەسانەی لێیانتوڕەدەبن، و ڕقیان لە بەرانبەر هەڵدەگرن (جمال بابان، ١٩٧٦: ١٥٤).

هەرچی پێکهاتەی دانیشتوانی شارەکەشە، ئەوا لە هەریەکە لە کورد، عەرەب و تورکمان پێکهاتوون، و سەرجەمیان پێکەوە لەم شارەدا نیشتەجێن، هەروەها بە سێ نەتەوەی ڕەسەنی شارەکەش دادەنرێن، لە ڕووی ئایینزاشەوە بەشێکی زۆریان شیعە مەزهەبن.

## ١ . ٢: تایبەتمەندییە زمانییەکانی شاری خانەقین

شاری خانەقین بە هۆی ئەوەی لە ڕووی دیمۆگرافیاوە لە نەتەوەیەك زیادتر پێکهاتووە، بۆیە لە ڕووی تایبەتمەندیی زمانیشەوە، لە ئەم شارەدا زیاتر لە زمانێك لە لایەن دانیشتوانەکەیەوە بەکاردەهێنرێت، تەنانەت شارەکە بووە بە ناوچەیەکی فرە نەتەوە و فرەئایین و ئاینزاش، چونکە لەگەڵ نەتەوەکانی فارس، کورد و عەرەب هاوسنوورە، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە شارەکە پێکهاتەیەکی ئاڵۆز و تێکچرژاوی هەبێت، بە جۆرێک ئەم تێکەڵبوونی پێکهاتەییە بووە بە هۆی سەرهەڵدانی چەند دیاردەیەکی زمانی وەك (جووتزمانی ، فرەزمانی) تێیدا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم شارە مۆرکی کوردبوونی پێوە دیارە، بە شێوەیەك زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، و شانازی بە کوردبوونیان و زمانەکەیانەوە دەکەن.

### ١ . ٢ . ١: جووتزمانی – Bilingualism

جووتزمانی، وەکو دیاردەیەکی سەراپا/ جیهانی لە زۆر لە وڵاتاندا وەکو پێوەرێك بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ دەوروبەردا، و هۆکارێکی کاریگەریش لە فێربوون دادەنرێت، کە خۆی لە لێهاتوویی و شارەزای ئاخێوەر بۆ ئەنجامدانی کردەی پێوەندیکردن و لەیەکگەیشتنن لەگەڵ

دەوروبەردا بە دوو زماندا دەبینێتەوە (گلستانی و هامکاران، 1395: 51)، بە گوتەیەکی دیکە جووتزمانی ئاماژەیە بۆ هەر کەســێک، یا گروپ و کۆمەڵەیەک، کە بتوانێت بە کەمترین توانا یەکێک یان هەموو جۆرە کارامەییەکانی زمانی دووهەم بەکاربهێنێت، ئەم کارەش زۆرجار بە هۆی پێداویستییەکانی ژیانیانەوە، یاخود خودی خۆیانەوە هەوڵی فێربوونی زمانی دووهەم و بەکارهێنانی دەدەن، بە فێربوونی دوو زمانەکەش دەبنە کەسێکی جووتزمان (عەبدوڵلا، ٢٠١٦ ـ أ: ٤٥).

چەمکی جووتزمانی بەرانبەر بە زاراوەی ئینگلیزی>>Bilingualism<<ــــە، کە پێشگری {Bi} بەواتای دوو دێت، و هەرچی {Lingual}یشـــە، ئەوا بەواتای زمانە، هەروەها {ism}یش ئاماژە بە هەڵسوکەوت یا بارودۆخ یان پەسنێکی تایبەتی دەکات، درووستبووە، کە بە گشتی دەتوانرێت بە ئەم شێوەیە پێناسەبکرێت: بەکارهێنانی دوو زمانی جیاوازە، کە یەك ڕەگ و ڕیشەیان نییە، لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵێکەوە بەکاردەهێنرێن، کە لە زمانی عەرەبیدا بە دەستەواژەی >>ثنائیة اللغة<<، یان >>الثنائیة اللغویة<< ناسراوە (صیادی نژاد، 1395: 252).

سەبارەت بە ئەوەش، کە چ کەسێك بۆ یەکەمین جار ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە، ئەوا بۆچوونی جیاواز هەیە، بە جۆرێک هەندێك پێیانوایە، زانای ئەڵمانی (کرۆمباخر) یەکەمین کەســە، سەبارەت بە ئەم دیاردەیە قسەی کردووە، لە بەرانبەریشدا هەندێکی دیکە دەڵێن: (ویلیام مارسیە)ی فەرەنسی یەکەمین کەسبووە، کە بۆ یەکەمین جار ئەم بابەتەی خستووەتەڕوو، و باسیکردووە (هەمان سەرچاوەی پێشوو: 253).

جووتزمانی وەک زۆر دیاردە و بابەتی دیکە، یاخود بە هۆی ئەوەی بابەتەکە لە زۆر ڕوانگە و گۆشەنیکای جیاوازەوە توێژینەوەی لە بارەوە کراوە، ئەوا بە ئاسانی ناتوانرێت پێناسەیەکی وردی دیاردەکە بخرێتەڕوو، کە هەموو زمانەوانان لە بارەیەوە کۆدەنگبن، بۆیە هەندێك لە زمانەوانان جووتزمانی بەوە پێناسەدەکەن، کە کەسەکە دەبێت هەردوو زمانەکە لە هەموو ئاستەکاندا بە شێوەیەکی باش بزانێت، هەندێکی دیکەش پێیانوایە، کە کەسی جووتزمان دەبێت توانایەکی دیاریکراوی لە هەردوو زمانەکەدا هەبێت (بڕوانە: الله کرمی، لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی لەوێدا ئاماژەیان پێکراوە، 1395: 2)، کە لە ڕاستیدا مەرجی دووهەم لە یەکەم ئاسانترە، چونکە دەگمەنە یاخود ئاسان نییە، کە ئاخێوەرێک هەردوو زمانەکە بە لێهاتوویی و کارامەیی تەواوە بزانێت، بە واتا لە شێوەی ئاخێوەرێکی ڕەسەندا هەردوو زمانەکە بەکاربهێنێت، بۆیە دروستتر ئەوەیە، کە بگوترێت: کەسێک یا گروپێکە، کە بتوانرێت بە کەمترین توانا یەکێک لە کارامەییەکانی زمانی دووهەم (خوێندنەوە، نووسین و قسەکردن، یا لەیەکدیگەیشتن) لە پێوەندیکردنیدا بەکاربهێنێت (محمود زاده، ١٣٨٨: ٢٩).

گراسجین (1982) لە ئەو بڕوایەدایە کە زۆربەی تاکەکان لەم جیهانەدا بە دوو زمان، یان زیادتر لە دوو زمان گفتوگۆدەکەن، هەروەها جووتزمانی دیاردەیەکی ئاساییە، بۆیە دۆزینەوەی کۆمەڵێك، کە بە تاکە زمانێك قسەبکەن کارێکی دژوارە (الیاسی، 1391 : 18)، ئەمەی لەم تێڕوانینەوە جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە جووتزمانی ئاماژە بە زانین و بەکارهێنانی دوو زمان لە لایەن ئاخێوەرێك یان کۆمەڵێك لە ئاخێوەرانەوە دەکات (عزیزی و همکاران، 1397: 2)، هەر سەبارەت بە ئەم

دیاردەیە (فراکۆ فابرۆ) کەسێك بە جووتزمان دەزانێت، کە بەسەر دوو زمان یان دوو شێوەزار یان زمانێك و شێوەزارێکدا زاڵبێت و لێیان تێبگات، و قسەی پێبکات (خانبابازاده و رضایتی، 1395: 58).

ئەوەی لە بارەی چۆنیەتی و شـێوازی دیاریکردنیشـییەوە هەیە، ئەوا هەندێک لە زمانەوانان، جووتزمانی لەسەر بنەمای (چۆنیەتیی فێربوون) بۆ دوو دەستە دابەش دەکەن:

## یەکهەم: شێوەی ئاسایی (Natural Bilingualism)

لە ئەم بارەدا کەسـەکە لە سـەرەتای لەدایکبوونییەوە یان بە درێژایی گەشـەکردنی لە کۆمەڵێکی دووزمانەدا دەژییت، و بێ هیچ جۆرە فێرکردنێکی فەرمی سوود لە هەردوو زمانەکە وەردەگرێت، ئەمەش بە هۆی تێکەڵاوبوون و بەرکەوتنی بەردەوامی تاکەکانەوەیە، کە لە ئەنجامدا لە هەردوو زمانەکە دەگاتە توانای تێگەیشـــتن و بەکارهێنان لە پێوەندییەکانیدا، ئەمەش پتر لە ئەو کۆمەڵانەدا باوە، یا ڕوودەدات، کە دوو یان چەند زمان و زار تێیاندا باوە، و بەکاردەهێنرێن.

## دووهەم: شێوەی نائاسایی/ دەستکرد (Artificial Bilingualism)

لە هەر کات و بارێکدا، ئەگەر کەســـێك، زمانێك جگە لە زمانی خۆی لە ڕێگەی بەرنامەکانی فێربوون و بە ویســـتی خۆی فێربووبێت، بە واتا بە ئامانجێکی دیاریکراو هەوڵی فێربوونی ئەو زمانەی دابێت، ئەوا لە ئەم بارەدا پێیدەگوترێت: جووتزمانی نائاســـایی (ابطحی و خدادادیان، 1395: 73)، بە واتا لێرەدا کەسەکە بۆ خۆدەربڕین و پێوەندیکردن و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، یاخود باشـــترکردنی ژیان و گوزەرانی خۆویســـتیانە، و لە ڕێگەی بەرنامە و پلانێکی تایبەتەوە زمانی دووهەم وەردەگرێت.

پێویستە ئەوەشـمان بیرنەچێت، کە جگە لە ئەم دوو جۆرە جووتزمانییە، چەندین جۆری دیکەی جووتزمـانی بەپێی بەکـارهێنـان و ڕۆڵ وکـاریگەرییـانەوە شـــایەنی ئـامـاژەپێکردنن، لە نموونەی ئەوانەش: (جووتزمانی لە ئاستی قوتابخانە)دا، واتە ئاخێوەر و بەکارهێنەرەکە زمانی دووهەم تەنیا لە قوتابخانە بەکاردەهێنێت، هەروەها (جووتزمانی لەئاسـتی خێزان)دا، کە لێرەشـدا بەکارهێنەرەکە زمانی دووهەمیان تەنیا لە ماڵەوە بەکاردەهێنێت، لەگەڵ (جووتزمـانی لەئـاســـتی ئـاخـاوتن)دا، کە ئەمەشـیان ئاشـنابوون لە ڕووی ئاخاوتنەوە بە زمانی دووهەم دەگرێتەوە، هەرچی (جووتزمانی لە ئاستی نووسین و ئاخاوتنەوە)شە، ئەوا مەبەست لە ئاشنابوون بە شێوازی قسەکردن، واتە لەڕووی ئاخاوتنەوە بە زمانێک و بە شێوەی قسەکردن و نووسین بە زمانێکی دیکە دەگرێتەوە، (جووتزمانی تەواو، یا پڕاو پڕ/ کامڵ)یش، ئەوا بە گشـتی ئاشـنابوون لە ئاسـتی ئاخاوتن و نووسـین بە هەردوو زمانەکە دەگرێتەوە، بە واتا لێرەدا پێویستە، کە کەسەکە هەردوو زمانەکە بە ڕەهایی و تەواوەتی بە کۆی ئاست و کارامەییەکانیانەوە بزانێت (نجاریان و مکوندی، ۱۳۷٦: ٤٨ ـ ٤٩).

جگە لە ئەم جۆرانە، ئەوا لە توێژینەوە کوردییەکاندا زۆرجار هەر دوو جۆرە سـەرەکییەکەی، لە پێشـــەوە ئاماژەیان بۆ کرا لە ژێر ناوی دیکەدا نیشـــاندراون، بە واتا هەمان پۆلکردنیان بە ناوی جیاواز دووبارەکردووەتەوە، بە جۆرێک بە (دوانەی زمانەوانیی هاوبەش ـــــــ Compound Bilingualism) و (دوانەی زمانەوانیی هاوکاری ـ Soordinat Blingualism) ناویانبردوون. (بڕوانە: عەبدولوەهاب، ٢٠٠٥: ٨٣)

به گشـــتی کۆمەڵە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی، بە هۆکار و کارتێکردنی جۆراوجۆرەوە، لە وێنەی: شەڕ، داگیرکاری، کۆچکردن و ... تاد. لەگەڵ یەکدیدا پێوەندی و بەریەککەوتنیان هەیە، لە ئەنجامدا زمانەکەشیان لەگەڵ یەکدیدا پێوەندییان دەبێت، و تێکەڵی یەکدەبن، لە ئەمەشەوە دەکرێت، کە زاراوەی >>پێوەندی<< یان >>کۆنتاکتی زمانی ـــــــ Linguistic Contact<< بە شێوە جیاوازەکانی پێوەندیی دوو زمان و کارتێکەرییان لەســـەر یەکدی پێناســـەبکرێت، ئەنجامی ئەم لایەنەش ســـەرهەڵدانی دیاردەی جووتزمانی دەبێت، بە واتا هەرکاتێك دوو کۆمەڵی زمانی لەگەڵ یەکدیدا پێوەندی و بەریەککەوتنیان هەبێت، ئەوا بەپێی هۆکارەکانی بەریەککەوتن و جۆرەکانی پێدەچێت، کە چەند ئەلەمێنت (توخم/ ڕەگەز)ێک لە نێوان هەردوو زمانەکەدا ئاڵوگۆڕببێت، بە جۆرێک دەکرێت، بگوترێت: هەردوو زمانەکە سوود لە یەکدی وەردەگرن لە وەرگرتنی وشـەدا، هەروەها بەشێك لە ئاخێوەرانی هەریەك لە زمانەکانیش، زمانەکەی دیکە فێردەبێت، و لە ئەنجامدا ئەو تاکانە دەبنە تاکێکی بەکارهێنەری جووتزمان (بڕوانە: غیاثیان و رضائی، 1393: 104).

## ١ . ٢ . ١ . ١: هۆکارەکانی جووتزمانی

دیاردەی جووتزمانی، وەک زۆر دیاردەی دیکە لە خۆوە و هەڕەمەکییانە نییە، بەڵکو کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و ناوەکیی هەیە، بە گوتەیەکی دیکە زۆرجار لە ئەنجامی کارتێکردنی کۆمەڵە تاکزمانییەکانەوە گۆڕانکاری لە پێکهاتەی زمانی کۆمەڵە تاکزمانییەکاندا ڕوودەدات، و دەبنە کۆمەڵی جووتزمان، لە گرنگترین ئەو هۆکارانەش دەبنە مایەی سەرهەڵدانی دیاردەی جووتزمانی، تایبەت پەیوەست بە سنور و ناوچەی توێژینەوەکەمانەوە خۆیان لە ئەمانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:

### یەکەم: هۆکاری ئایینی

بڵاوبوونەوەی ئایینەکان، بە تایبەتیش ئایینی زمانی جودا لە زمانی قسەپێکەران لە هەر ناوچە و وڵاتێکدا دەشێت، کە هۆکارێکی سەرەکی بێت بۆ هاتنەئارا و دروستبوونی جووتزمانی، وەکو بەشێک لە تاکەکانی نەتەوەی کورد و هەندێ لە نەتەوەکانی دیکە، کە لە ڕێگەی ئایینی ئیسلامەوە فێری زمانی دووهەم، کە زمانی عەرەبییە جگە لە زمانەکەی خۆیان بوون، بە گوتەیەکی دیکە دەکرێت، بگوترێت: ســەبارەت بە گەلانی ڕۆژهەڵات بە گشـــتی ئایین هۆکارێکی ســـەرەکی و کاریگەربووە لەســـەر زمانی زۆرینەیان، بە جۆرێک هەر لە ســـەرەتای مرۆڤایەتییەوە کاتێک ئایینێکیان پەســـەندکردووە، لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا زۆرتر تێکەڵ بە یەکبوون، ســـەرباری بەجێهێنانی فەریزە و وێرد و کردە ئایینییەکانی دیکە، ئەوا تاکەکانیان هەوڵیانداوە، فێری زمانی ئایینەکە، و تەنانەت شارەزای وردەکارییەکانی زمانەکەش بن.

### دووهەم: سنوری جوگرافیای هاوبەش

ســنووری جوگرافیای هاوبەشـــی نێوان دوو نەتەوەی زمان جیاوازیش دیســـانەوە هۆکارێکی کـاریگەرە لە ســـەرهەڵدانی دیاردەی جووتزمـانی، ئەمەش بە هۆی دروســـتبوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و بازرگانییەکانی نێوانیان، و لە ئەنجامی هاتوچۆ و بەریەککەوتنی زۆرەوە، بە

گوتەیەکی دیکە زۆرجار بەریەککەوتن و تێکەڵبوونی دوو زمان کاریگەری لەسەر یەکدی دادەنێن، لە ئەنجامی پێویستیی یەکێک لە ئەم دوو زمانە بە دەربڕاوێک (النعیمی، ١٩٨٠ : ٨٠ ـ ٨١).

## سێهەم: کۆچکردن

کۆچکردنی تاك یان بە کۆمەڵ بۆ نێو کۆمەڵێکی دیکەی زمان جیاواز دەشـــێت لە هۆکارە سەرەکییەکانی جووتزمانی بێت، چونکە هەموو گەشت و چوونەدەرەوەیەک لە سنووری وڵاتدا بۆ بەکارهێنەری زمانی نەتەوەیی دەبێتە جۆرێک لەجووتزمانی، چونکە پێویسـتی ژیانی ڕۆژانە وای لێدەکات، کە زمانی ئەو شـــوێنەی بۆی دەچێت بەکاربهێنێت، خۆ ئەگەر کۆچکردنەکە درێژخایەن بێت، ئەوا تاک ناچاردەکات، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی فێری زمانەکە بکات.

## چوارهەم: پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی، وەکو ژن و ژنخوازیی نێوان دوو کۆمەڵی قســـەکردنی زمان جیاواز (عەبدوڵڵا، 2016 ـ ب: 46)، زۆرجار تاکەکان دەکاتە جووتزمانی، ئەمەش لە ئەنجامی هەبوونی یەك نەتەوەی زمان جیاواز لە هەمان شوێنی نیشتەجێبووندا.

جگە لە هەریەک لە ئەو هۆکارانەی خرانەڕوو، دەشـــێت جووتزمانی پێوەندیی بە چەند هۆکارێکی دیکەوە هەبێت، کە هەریەکەیان بە جۆرێک لە چۆنیەتی و چەندیەتیی ســـەرهەڵدانی دیاردەی جووتزمانیدا لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەشـــداردەبن، لە ئەو هۆکارانەش، هەرە گرنگەکانیان بریتین لە:

1) هۆکاری کەســـی، کە هەریەکە لە توانا کەســـییەکان، تەمەن، پاڵنەر (هاندەر) و ئامانجە کەســـییەکان دەگرێتەوە، کە زۆرجار وا لە تاکێک دەکەن فێری زمانێک، یا چەند زمانێکی دیکە ببێت، جگە لە زمانی زگماکی/ یەکەمین.
2) هۆکارەکانی فێرکردن: چۆنیەتی و شـێوازی فێرکردن، بە تایبەت خوێندن بە زمانانی دیکە، و خوێندنی زمانی دووهەم.
3) هۆکاری کۆمەڵایەتی و کەلتوری: پەیوەســـتبوون و وەفاداری بەرانبەر بە زمانی زگماکی، هەروەهـا بـارودۆخی کەلتوری، لەگەڵ پێگە و بەهـای کۆمەڵایەتیی زمـانی دووهەمش کاریگەرییان لە سەرهەڵدانی دیاردەی جووتزمانی لای تاکەکان دەبێت.

(نجاریان و مکوندی، ١٣٧٦: ٤٩)

کۆی ئەم هۆکارانە، و ئەوانەی پێشـــوو وایانکردووە، کە تاکی جووتزمـان لە شـــارەکەدا بەدیبکرێت، هەروەهـا ئاخێوەرانی شـــارەکە لە کـاتی ئـاخـاوتنیـانـدا جۆرە کۆدگۆڕینێک لە نێو ئاخاوتنەکانیاندا بەدیبکرێت، و لە بابەتەکانی دیکەدا تایبەت بەشـــی دووهەمی ئەم کارەدا دەبێتە بابەتی سەرەکی.

### ١ . ٢ . ٢: فرەزمانی – Multilingualism

لە ئەمڕۆدا کەسانێکی زۆر لە سەرتاسەری جیهاندا بوونیان هەیە، کە بە زیادتر لە زمانێك قسەدەکەن، ئەمەش بە هۆی پێویستییە (زانستی، ڕۆشنبیر، کەلتوری، کۆمەلایەتی و ... تاد.) جیاوازەکانی دونیای ئەمڕۆوەیە، هەروەها لە لایەکی دیکەشەوە زۆربەی میللەتەکانی جیهان لە ئەمڕۆدا فرەزمانن، بە جۆرێک لە ڕاستیدا ڕەنگە بە سەختی بتوانرێت، کە میللەتێکت دەستبکەوێت تاکزمان بێت، یاخود تاکە زمانێک بزانن (اربابی و هامکاران، 1392: 2)، کەواتە لە ئەمەوە دەکرێت، بگوترێت: کۆمەڵی دوو یان فرەزمانی کۆمەڵێکە، کە تاکەکانی لەگەڵ یەکدیدا بە زیادتر لە زمانێك پێوەندی دروستدەکەن، هەڵبەتە لە کۆمەڵی فرەزمانیدا هەموو تاکەکانی دوو یان فرەزمان نین (عزیزی و هامکاران، 1397: 2)، ئەم دیارە و کارەش بە زۆری بە هۆی پێداویستییەکانی ژیانیان و خودی خۆیانەوەیە، بە واتا لە ئەنجامی پێویستییە، کە تاکەکان هەوڵی فێربوونی زمانی دووهەم دەدەن، لە ئەنجامی فێربوونی زمانی دووهەمیشەوە، ئەوا دەبن بە کەسێکی جووتزمان، هەر کاتێکیش تاکەکان لە دوو زمان زیادتر فێربوون ئەوا دەبن بە فرەزمان (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦ ـ ب: ٤٥).

فرەزمانی بە واتای زانین و بەکارهێنانی چەند زمانێکی جیاوازە، واتە: بەکارهێنانی زیادتر لە دوو زمانە، بە شێوەیەك کە کەسەکە بتوانێت لە هەریەك لە ئەو زمانانە بەپێی پێویستی خۆی بۆ دروستکردنی پێوەندییەکانی بەکاریانبهێنێت (پروانە: نجاریان و مکوندی، 1376: 48)، کەواتە دەکرێت، بگوترێت: دیاردەی فرەزمانی بەکارهێنانی سێ زمان یان زیادترە لە لایەن کەسەکانەوە، یان گروپێك لە ئاخێوەران، کە لە ناوچە و وڵاتانی تایبەتدا نیشتەجێن (اسیابادی، 1388: 82)، یاخود بە گوتەیەکی دیکە فرەزمانی بریتییە لەوەی قسەکەر بۆ دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا زیادتر لە دوو زمان بەکاربهێنێت، بەڵام مەرج نییە، کە ئەم بارە تەنیا لە لایەن کەسێک یان لە نێوان چەند کەسێکی دیاریکراودا بێت، بەڵکو ئاساییە لە نێوان هەموو تاکەکانی کۆمەڵێکدا بەدیبکرێت، بە واتای ئەوەی لە کۆمەڵی فرەزمانیدا، کەمینە زمانییەکان (ئەو زمانانەی کەمینەن) ناچارن، کە زمانی فەرمی/ ستاندارد، یاخود زمانی زۆرینە فێربن، بەڵام ئەو کەسانەی کە بە زمانی باو قسەدەکەن، ئەوا ناچارنین، کە زمانی نەتەوەیی و ناوچەیی فێربن (زند و همکاران، 1394: 90).

بە ئەم شێوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، کە ئاخێوەری فرەزمان، کەسێکە سەلیقە و شارەزایی زیادتر لە دوو زمانی هەیە، بە واتایەکی دیکە توانا و زاڵبوونی کەسێك بەسەر چەند زمانێك دەگەیەنێت. ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵێکدا ڕەنگدەداتەوە، کە دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی جیاواز پێکهاتبن، بۆ نموونە: دیاردەی فرەزمانی لە ئەوروپا لە هەریەک لە وڵاتانی (سویسرا، بەلجیکا و ئیتاڵیا) لە بواری ڕەوشی جیاجیادا بەدیدەکرێت (ناوخۆش، ٢٠١٠: 41)، بە هەمان شێوە دانیشتوانی شاری خانەقینیش، کە لە سێ نەتەوەی کورد، عەرەب و تورکمان پێکهاتووە، تەنانەت کوردزمانانی شاری خانەقینیش (جووتزاری)[1]ین، چونکە زیادتر لە زارێکی زمانی کوردی لە ئاخاوتنەکانیاندا

---

[1]جووتزاری/ جووت دیالێکتی: هەرکەسێك، کە بە زیادتر لە دیالێکتێک قسەدەکات، بە جۆرێک بەپێی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەبێت، ئەوا لە نێوان ئەو دیالێکتانەی دەیانزانێت یەکێکیان هەڵدەبژێرێت، کە پێویستە بۆ ئەو کەسانەی قسەیان لەگەڵدا دەکات ئاشنابێت. بۆیە قسەکەر زمانێك، یاخود شێوەیەک لە زمانەکە هەڵدەبژێرێت، کە کەسانی دیکە بتوانن لێیتێبگەن، و بە شێوەیەکی ئاسانتر مەبەستەکانی خۆیان بگەیەنن.
(دلارامی، منصور فر، 1395: 119).

بەکاردەهێنن، هەروەها هۆکارێکی دیکەی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە بەکارهێنانی زمانی جیاوازە لە پرۆگرامی خوێندندا، بە جۆرێک لە شاری خانەقیندا ئاخێوەرانی زمانی تورکی، زمانی کوردی یان عەرەبی دەزانن، چونکە ئەم دوو زمانە لە ئێستادا زمانی خوێندن و دامودەستگا فەرمییەکانن، بۆیە قسەپێکەرانی زمانی تورکی یەکێک لە ئەو دوو زمانە، وەکو زمانی دووهەم بەکاردەهێنن.

### ١ . ٢ . ٣: جووتزمانی لە ئاستی خوێندنەوە و نووسیندا

مەبەست لە جووتزمانی لە ئاستی خوێندنەوە و نووسیندا ئەوەیە کەسەکە توانای نووسین و خوێندنەوەی بە دوو زمانی جیاواز هەبێت، ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، لە ئەوانە؛ خوێندن بە زمانی جیاواز، هەروەها بوونی زیادتر لە زمانێک لە نێوان ئاخێوەرانی ئەو شوێنەدا، ئەم هۆکارانەش کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئەوەی ئاخێوەرانی ئەو ناوچەیە، کە لە ئاستی خوێندنەوە و نووسیندا زیادتر لە زمانێک بەکاربهێنن.

ئەم دیاردەیە لە شاری خانەقیندا بەدیدەکرێت، چونکە نەتەوەی جیاوازەکانی (کورد، عەرەب و تورکمان) لە نێو شارەکەدا نیشتەجێن، هەروەها لە قۆناغە جیاوازەکاندا زمانی خوێندن لە خوێندنگاکانی ئەم شارە جیاوازبووە، و گۆڕاوە، جگە لە ئەمەش لە ئێستادا خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە پاڵ خوێندنی زمانی کوردی و عەرەبی لە ناوەندەکانی خوێندندا، وایکردووە، کە دیاردەی جووتزمانی لە ئاستی خوێندنەوە و نووسیندا بەدیبکرێت. بۆیە ئاساییە دیاردەی کۆدگۆڕینەوە لە ئاخاوتنەکانیاندا ڕووبدات، بە واتای ئەوەی ئاساییە، کە بۆ خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار، هەروەها نووسینی بەرهەمەکانیان سوود لە زیادتر لە زمانێک وەربگرن.

### ١ . ٢ . ٤: فرەزمانی لە ئاستی خوێندنەوە و نووسیندا

ئەم دیاردەیەش وەکو دیاردەی جووتزمانی بریتییە لەوەی ئاخێوەر توانای خوێندنەوە و نووسینی بە زیادتر لە دوو زمان هەبێت، هەروەها ئەو هۆکارانەی کە لە بابەتی (١ . ٢ . ٣)دا بۆ دیاردەی جووتزمانی لە ئاستی خوێندنەوە و نووسیندا خرانەڕوو، بۆ دیاردەی فرەزمانی لە ئاستی خوێندنەوە و نووسینیشدا دەگونجێن، بەڵام بە لە بەرچاوگرتنی ئەو جیاوازییەی لە دیاردەی جووتزمانی لە ئاستی خوێندنەوە و نووسیندا جەختدەخرێتەسەر دوو زمان، لە کاتێکدا لە دیاردەی فرەزمانی لە ئاستی خوێندنەوە و نووسیندا بوونی زیادتر لە دوو زمانی پێویستە.

لە شاری خانەقیندا بە هۆی ئەوەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو بە دواوە، زمانی خوێندن و فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکان لە ئەم شارەدا زمانی تورکی بووە، لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق زمانی فەرمی و خوێندن بووە بە زمانی عەرەبی، جگە لە ئەمەش زمانی زۆربەی زۆری دانیشتوانەکەی کوردییە، لە ئەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئاخێوەرانی شارەکە شارەزایی و پێزانینان بە زیادتر لە دوو زمان هەیە، هەروەها خوێندنی زمانی ئینگلیزی لە پاڵ خوێندنی زمانی کوردی و عەرەبی لە ناوەندەکانی خوێندنیشدا، وا دەکات کە ئاخێوەرانی ئەم شارە توانای خوێندنەوە

و نووسینیان بە زیادتر لە دوو زمان هەبێت، هەروەها بەکارهێنانی ئەم زمانانە لە نووسینەکان و خوێندنەوەکانیشیاندا ڕەنگبداتەوە.

## بەشی دووهەم
## کۆدگۆڕین و بنەما و هۆکار و جۆرەکانی لە شێوەزاری خانەقیندا

### ٢ . ١: کۆدگۆڕینەوە (Code swiching)، چەمک و پێناسە

دیاردەی کۆدگۆڕینەوە لە چوارچێوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەبینێتەوە، کە لە لایەن کەسی ئاخێوەرەوە ڕوودەدات، کاتێك لە کاتی ئاخاوتنیدا تووشی گرفت دەبێتەوە لە گەیاندنی مەبەستەکەی بۆ گوێگر، چونکە کۆدگۆڕینەوە وەکو دیاردەیەکی زمانەوانی تایبەت بە ئەو کۆمەڵانەیە، کە جووتزمان و فرەزمانین، لە بنەما سەرەکییەکانی ناسینەوەی کۆدگۆڕینەوەش ئەوەیە، کە دەتوانرێت بە زاڵبوونێکی تاڕادەیەك وەکیەك (هاوسەنگ) و تەواوی ئاخێوەر بە دوو یان چەند زمانێک ئاماژەی پێبکرێت.

زاراوەی کۆدگۆڕینەوە لە زمانی ئینگلیزی بە (Code-Switching) ناسراوە، لە زمانی کوردیشدا، جگە لە کۆدگۆڕینەوە چەند زاراوەیەکی دیکەی بۆ بەکارهێنراوە، لە نموونەی ئەو زاراوانەش >>زمانتێکەڵکردن/ تێکەڵکردنی زمانی، لادانی زمانی، بازدانی زمانی، و... تاد.<<، هەروەها ئەم دیاردەیە لە زمانی فارسیشدا بە هەریەک لە زاراوەکانی >>رمزگردانی زبانی، کدگردانی<< ناونراوە.

بەپێی تێڕوانینەکانی (میوسکێن ـــ Muyesken) زاراوەی (رمز ـــ Code) لە دەستەواژەی کۆدگۆڕیندا، تەنیا زمانە ستاندارد و فەرمییەکان نییە، بەڵکو (رمز) هەموو زمانەکان و دیالێک و شێوازەکان لەخۆدەگرێت، هەروەها دەربڕوای (گۆڕین ــــــ Switch)یش بە گۆڕان لە نێوان زمانەکان، دیالێکتەکان و شێوازەکان دەگوترێت، هەروەها زۆرجاریش دەوروبەرەکان فرەوانتر دەکرێن، و لایەن و بابەتی دیکەش دەگرێتەوە (دلارامی، 1395: 117ـــ 118)، کەواتە ئەم دەستەواژەیە بۆ ئاماژەکردن بە هەر جۆرە پێرەوێکی پێوەندیکردنە، ئەم پێرەوی پێوەندییەش دەتوانێت (شێوەی ئاخاوتنی تاکەکەسی) ، (شێوەی کۆمەڵایەتی) ، (زمان) ، (زمانی ئاماژە) و...تاد. بێت (مهردادنغز، ١٣٩٣: ١٨٣).

لای (واردواف ــــ Wardhaugh)، مەبەست لە (کۆد) هەر جۆرە پێرەوێکە، کە دوو یان چەند کەسێک بۆ دروستکردنی پێوەندی بەکاریدەهێنن، کۆد دەتوانێت زمان، شێوەزار ، شێواز، سیاق (دەوروبەر)، یان شێوەیەکیش بگرێتەوە، هەروەها دەڵێت: کەسەکان هەر کە بیانەوێت قسەبکەن، ئەوا ناچارن کۆدێک (زمان، شێوەزار، شێواز، سیاق یان شێوەیەک) هەڵبژێرن، بۆیە دەتوانرێت بەپێی پێویست لە کۆدێکەوە بۆ کۆدێکی دیکە بگۆڕێت، بە ئەم پێیە ئاخێوەران ناچارن کۆدبگۆڕن، و دیاردەی کۆدگۆڕینەوەش لە لایەن بژاردەیەک دەبێت، خاڵی گرنگ ئەوەیە، کە

ئەنجام و دواهاتی دیاردەی کۆدگۆڕینەوە، خۆی (پەیدابوونی) کۆدێکی نوێیە (بامشـــاوی و اردکانی، ١٣٩٤: ٣٠).

یەکەمین توێژینەوەی پەیوەســـت بە دیاردەی کۆدگۆڕینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو توێژینەوانەی کە (بلۆم و گامپێرز ـــــ Bloom & Gumperz) لە سەر ئەو زمانانەی، کە لە ناوچەی (هەمنس برگت) لە باکوری نەرویج بەکاردەهێنران ئەنجامیاندا، و بە شـێوەیەکی گشـتی ئەم دوو توێژەرە لە ڕوانگەی زمـانەوانبی کۆمەڵایەتییەوە توێژینەوەیـان لە دیـاردەی کۆدگۆڕینەوە کردووە (عموزادە، ١٣٨١: 83)، هەروەها گامپێرز (١٩٧٢) یەکەمین توێژەربووە، کە دابەشـــکارییەکی دروســـتی بۆ دیاردەی کۆدگۆڕینەوە خســـتووتەڕوو، کە ڕەنگە تاکو ئێســـتا هیچ زمانەوانێک بە گوێرەی ئەو لەبـارەی دیـاردەی کۆدگۆڕینەوە کـاریگەرنەبووبێـت، بەڵام پێش ئەو چەنـدین توێژەری دیکە توێژینەوەی هاوشێوەیان ئەنجامداوە، بۆ نموونە لە بەرهەمی (ئۆریل فاینرایش ـ U. Weinreich) زمانەوانی دووڕەگەی (هۆڵەندی ـــ ئەمریکی)، یەکێک بووە لە ئەو توێژەرانەی جەخت لە بارەی گرنگیی لەبەرچـاوگرتنی لایەنە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکـان لە توێژینەوەی دیـاردەی فرەزمـانی دەکات، و ئیلهامبەخشی توێژینەوەیەکی زۆر بوو لە ئەوانەش دەکرێت ئاماژە بە (هاینز فۆگت ـــــ H.Vogt) بکرێـت، کە بۆ یەکەمین جـار دەســـتەواژەی کۆدگۆڕینەوەی بەکـارهێنـاوە، و دوای ئەو(S. Ervin-Tripp)یش، کە زمانەوانێکە توێژینەوەی لە ئەم بارەیەوە ئەنجامداوە، بە ئەم شێوەیە بە ســـەرهەڵدانی ڕەوتی توێژینەوەکان لەبارەی دیاردەی کۆدگۆڕینەوە تێڕوانینی توێژەران بۆ ئەم دیاردەیە فرەوانبووە، و لە لایەنە جیاوازەکانەوە لێیتوێژراوەتەوە (فریدون و چهارطاق، ١٣٩٨: ٨٩).

هەر ســـەبارەت بە مێژووی توێژینەوە لە دیـاردەی کۆدگۆڕین، هەندێـک لە توێژینەوەکـانی زمانی فارسـی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە یەکەمین توێژینەوەکان لە بارەی کۆدگۆڕینەوە لە لایەن (جاکۆبسۆن ـ Jakobson) و (Gannar, M. Fant) و (Morris Halle)ـەوە لە ساڵی (١٩٥٢) ئەنجامدراون، کە ئاماژەیان بەدیاردەیەک بە ناوی کۆدگۆڕینەوە کردووە، ئیشەکەیان لەسەر بنەمای کارەکانی (فانۆ ـــــ Fano) لە بارەی تیۆری زانیارییەکان/ مەعریفەوە بووە، ئەم سێ زمانەوانە چەمکی (کۆد)یان لە تیۆری زانیارییەکانەوە وەرگرتووە، جاکۆبســـۆن چەمکی کۆدگۆڕینەوە بۆ ئاماژەدان بە گۆڕانێک بەکاردەهێنێت، کە ئاخێوەرێکی تاکزمان یان جووتزمان دەبێت ئەنجامبدات، ئەمەش بۆ ئەو مەســـتەی، کە بتوانێت پێڕەو (یان کۆدی)ی زمانی کەســـێک شـــیبکاتەوە، یان ئەو پێڕەوە زمانییەی کە مەبەست و ئامانجیەتی دروستبکات (بامشاوی و اردکانی، ١٣٩٤: ٢٦ـ ٢٧).

کۆدگۆڕینەوە لە سەرەتای ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پێشوازییەکی ئەوتۆی لێنەکراوە، چونکە کۆدگۆڕینەوە لە ئەو قۆنـاغ و ســـەردەمەدا بە جۆرە تێکەڵییەکی تەواو پەرش و بڵاو (تێکەڵ و ڕێکنەخراو) لە دوو زماندا دانراوە، بەڵام لە ســێ دەیەی کۆتایی هەمان ســـەدەدا، کۆدگۆڕینەوە لە هۆڵی خوێندندا ســـەرنجی توێژەران و زمانناســـانی خوازیار بۆ ئەم دیاردەیەی بە لای خۆیدا ڕاکێشـــاوە (حیدری و همکاران، 1392: 111)، چونکە کۆدگۆڕینەوە لە هوڵەکانی خوێندنی زمانی دووهەم یان زمانی بیانیدا، لەگەڵ کۆدگۆڕینەوە لە دیاردەی فێرکردن و فێربوونی بابەتەکانی وەکو بیرکاری و زانسـت جیاوازە، ئامانجی سـەرەکیی مامۆسـتایان لە هۆڵەکانی فێربوونی جۆری یەکەم، بەرزکردنەوەی ئاســـتی فێربوونی ئەو فێرخوازانە لە زمانی دووهەمدایە. کەســـانی وەکو

کراشـن (1981، 1989) و مەکدۆناڵد (1993) بەکارهێنانی تەواوی زمانی دووهەم، یان زمانی بیانی بە باشـترین چارەسـەر بۆ فێربوونی زمانی دووهەم دەزانن، ئەمە لە کاتێکدا کەسـانی دیکەی، وەکو داف و پۆلیۆ (1990)، کۆك (2001 ، 2005)، سـیمۆن (2001)، ماکاردۆ (2005) و ویل کرسـۆن (2008) جەخت لە بارەی بەکارهێنانی تاڕادیەکی زۆر (بە زۆری) لە زمانی دووهەم دەکەنەوە، بێئەوەی ڕۆڵی زمانی یەکەم لە دیاردەی فێرکردن ـــ فێربووندا ڕەتبکەنەوە، بەڵام لە هۆڵەکانی خوێندنی وەکو بیرکاری و زانستدا، هەروەها فێربوونی زمانی دووهەمدا، کە هەمان زمانی فێرکردنە بە ئامانجێکی لاوەکی دادەنرێت (سەرچاوەی پێشوو: 111).

کۆدگۆڕینەوە لە کۆمەڵە فرەزمان و فرە کولتورەکاندا بە شێوەیەکی فرەوان بەکاردەهێنرێت، بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی و زمانی دەستنیشاندەکرێت، کەسی جووتزمانی بە هۆکاری جیاواز لە میانەی ئاخاوتنیدا کۆددەگۆڕێت. کۆدگۆڕینەوەش بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێك ئامانج، و لەسەر بنەمای کۆمەڵێک هۆکار ئەنجامدەدرێت، هەروەها کەسەکان، کە زاڵن بەسەر دوو زماندا واتە جووتزمانن، وشەکان و ڕستە و دەقەکان لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەگۆڕن یا دەخەنە بەر توێژینەوە، هۆکاری تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی کاریگەر لەسەر هەڵسوکەوتە زمانییەکان و کۆدگۆڕینەوە دادەنێن، هەروەها جگە لە ئەمانە تەمەن، ڕەگەز، پلەوپایە (پێگە)ی کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندن، پیشە، دەوروبەر (Context)، و چەندین هۆکاری دیکەش لەخۆدەگرێت (سعیدی و أریان، 1394: 145).

مەرج نییە ئاخێوەری زمان بۆ گەیاندنی مەبەست و زانیاری لە چوارچێوەیەکی ئاخاوتندا، هەمیشە سوود لە یەك زمان وەربگرێت، چونکە سروشتی هەموو زمانێکی زیندوو بە شێوەیەکە، کە بە بەردەوامی لە گەشەکردندایە، هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، وشە و زاراوەی نوێ لە زمانەکانی دیکەوە دەهێنێتە نێو زمانەوە، بڵاوبوونەوەی ئەم وشە و زاراوانەش لە زماندا وادەکات، کە قسەکەری زمان بێئەوەی هەستی پێبکات لە قسەکانیدا وشەی زمانی دیکە بەکاربهێنێت، ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی مرۆڤ هەموو کات بیری لای ئاخاوتنەکەی و پێڕەوکردنی زمانپاراوی، واتە بەکارهێنانی یەک و دەربڕاوی یەک زمان نامێنێت، بۆیە کردەی کۆدگۆڕینەوە ڕوودەدات، ئەمەش پێدەچێت بە هۆی ماندووبوونەوە، یان بە هۆی ئەوەی بیری لای قسەکانی نامێنێت، بە ئەم پێیەش دەتوانین، بڵێین: بە گشتی ئاساییە، ئەگەر قسەکەری زمانێك لە کاتی قسەکردندا لە نێو وشە و ڕستەکانیدا جۆرە تێکەڵکردنێك بەدیبکرێت، بەڵام مەرجی دروستبوونی دیاردەی کۆدگۆڕینەوە زانینی دوو زمان و دیالێک، یان زیادترە، لە پێناو زیادتر خستنەڕووی بابەتەکە چەند پێناسەیەکی ئەم دیاردەیە دەخەینەڕوو:

ـــ کۆدگۆڕینەوە بە بەکارهێنانی لە شوێنیەکی دوو زمان لە لایەن کەسەکانەوە (کەسی جووتزمان) لە ئاستی ڕستە یان سەرووی ڕستە (لە ئاخاوتنێکدا) دەگوترێت (عزیزی و هامکاران، ۱۳۹۷: ۳).

ـ کۆدگۆڕینەوە، بریتییە لە ئەو دیاردەیەی، کە کەسە جووتزمانەکان بەپێی گۆڕانکاری گونجاو لە بارودۆخی ئاخاوتندا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە کۆددەگۆڕێت (سعیدی و أریان، 1394: 142).

ـــــــ تێکەڵکردنی دووکۆد یان دوو زمان، دیاردەیەکی زمانەوانییە لە کۆمەڵە دوو زمانی و چەند زمانییەکاندا بەرقەرارە (عەبدوڵڵا، ۲۰۱٦ ـ ب: 99).

ئەم دیاردەیە بە گەلێك هۆكار دێتەكایەوە، بەڵام دیارترین هۆكار ئەوەیە، كاتێك قسەكەر لە ئاستی گەیاندنی مەبەستێك بە تاكە زمانێك تووشی گرێ و تەگەرە دەبێتەوە، ئەوا بە ناچاری پەنادەباتە بەر زمانێكی هاوكار، كە تاڕادەیەك شارەزایی لە بارەیەوە هەیە (فەتاح و قادر، 2008 : 125)، هەروەها كۆدگۆڕینەوە دیاردەیەكی زمانی بڵاوە لە نێو ئەو كۆمەڵانەدا، كە دوو زمان یان زیادتریان تێدا بەكاردێت، بە تایبەتی لە ئاستی ڕستەسازیدا، هەرچەندە لە ئاستەكانی دیكەی زمانیشدا دیاردەكە بەدیدەكرێت (سابیر: 2013: ٧ – ٨).

لە ئەنجامی پێناسە و ڕوونكردنەوەكانەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، كە كۆدگۆڕینەوە لە چوارچێوەیەكی ئاخاوتندا لە نێوان دیالێكتەكانی زمانێك، و لە نێوان چەند زمانێكی جیاوازدا ڕوودەدات، و كردەیەكی ئاساییە لە زماندا، و تایبەت نییە بە كۆمەڵێكی دیاریكراو، بەڵكو تایبەتە بە هەموو ئەو تاكانەی كە جووتزمان یا فرەزمانن، هەروەها ئەم دیاردەیە لە توێژینەوە كوردییەكاندا زاراوەی جیاواز، و دور لە مەبەستەكەی بۆ بەكارهێنراوە.

## ٢ . ٢: هۆكارەكانی كۆدگۆڕینەوە

بۆ پەیدابوونی دیاردەی كۆدگۆڕینەوە لە زماندا پێویستە، ئەگەر بە كورتیش بێت ئاماژە بە كۆمەڵێک هۆكار بدەین، چونكە ئەم گۆڕانكارییە لە زماندا هۆكاری جۆراوجۆری هەیە، لە هەرە گرنگ و بەرچاوكانیشیان، بریتین لە:

1) قسەكەر بە ئامانجی باشتر تێگەیشتن، و گەیاندنی دروستتری پەیامەكانی، ئەوا هەندێكجار دەیەوێت، گونجاندن دروستبكات، یا وا لە گوێگر دەكات، كە ڕێكخستنێک لە نێوان زمان و دیالێكتە جیاوازەكاندا بهێنێتەئاراوە.
2) جاری وەهایە، قسەكەر لە پێناو بەدەستهێنانی شتێكی تایبەت لە كات و شوێنێكی تایبەتدا، ئەوا لە هەوڵی ئەوەدا دەبێت، كە بە زمان و شێوازی ئەو شوێنە ئاخاوتنەكانی بكات، تاوەكو هیچ جۆرە نامۆیییەک هەستپێنەكردێت، ئەمەش تا ئەو كاتەی ئەوەی مەبەستیەتی دەستیدەكەوێت.
3) هۆكارێكی دیكەی ئەم كۆدگۆڕینە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە زۆرجار تەنیا وشەیەک لە زمانێكی دیكەوە لە گەیاندنی بیرۆكەیەكی تایبەتدا خزمەتێكی زیادتر بە پێوەندیكردن و كردەی لە یەكدی گەیشتن دەكات، بە جۆرێک ڕوونكردنەوەیەكی تایبەت بە بابەتەكە دەبەخشێت، یاخود كاریگەرییەكی زۆرتر دەخاتە سەر وەرگرەكە.
4) لە هۆكارەكانی دیكەی ئەم دیاردەیە، كە لە زۆر باردا هەستپێنەكراوە، ئەویش ئەوەیە، كە ئاخێوەران لە هەندێک كات و باردا بێئاگایانە دەچنە سەر زمان یا دیالێكتێكی دیكە، و دواتر هەست بە ئەو گواستنەوەیە دەكەن، كە بێگومان ئەمەش بۆ كاریگەریی نەست دەگەڕێتەوە.
5) خۆلەپێشدانان و منایەتی سیفەتێكی دیاری مرۆڤە، بۆیە "غەریزەی خۆدەرخستن و شانازیكردن، هەندێک جار، وا لە مرۆڤ دەكات كە چەند وشەیەكی بێگانە وەرگرێت و لە جێگەی وشەی زمانەكەی خۆی بەكاریان بێنێ بۆ ئەوەی واپیشان بدات كە بە كۆمەڵ بڵێت ڕۆشنبیرە و ئاگای لە دنیا هەیە و زمانی تر دەزانێ" (محمد، ٢٠٠٧ : ٣١).

جگە لە ئەو هۆكارانەی خرانەڕوو، ئەوا دەشێت كۆدگۆڕینەوە بە چەند هۆكارێكی دیكەی جیاوازەوە بێتەئاراوە، لە نموونەی ئەو هۆكارانەش: جەختكردنەوە لە بارەی بابەتێكی

تایبەت، دانانی وشـــەیەک لە جیاتی وشـــەیەکی نائاشـــنا (ناڕون) لە فێرکردنی زماندا، خستنەڕووی بابەتە تایبەتەکان، دەستنەکەوتن، یاخود نەبوونی (وشەی) بەرانبەر، بەهێزکردنی داواکاری، ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییەکی دووبارە، مەودای کۆمەڵایەتی، گێرانەوە، ناسنامە و شـوناسـی هاوبەش، لابردنی کەسـەکان لە ئاخاوتن (گفتوگۆ)، بەهێزکردن و گەورە نواندنی کەسەکان بە ئاخاوتن (گفتوگۆ)، گۆڕانی هەڵوەستە، گۆڕانی بابەت (ناونیشان)، ئاڕاستەکردنی گفتوگۆ بۆ بەرانبەر، سـەرنجڕاکێشـان، دەربڕینی دژایەتی، خۆدزینەوە و نیشـاندانی ڕێز، و ...تاد.

(حبیبی و همکاران، 1398: 41-42)

## ٢ . ٣: جۆرەکانی کۆدگۆڕینەوە

ئەوەی لە خوێندنەوە و بە دوادگەڕانەکاندا سـەبارەت بە جۆرەکانی کۆدگۆڕینەوە لە توێژینەوە کوردییەکاندا بەرچاودەکەوێت، ئەوەیە کە بە گشـتی دوو جۆر کۆدگۆڕینەوە لەژێر ناونیشـانی >>لادانی زمانی<< یاخود >>بازدانی زمانی<< دەسـتنیشـانکراوە، کە ئێمە لە توێژینەوەکەماندا هەر بە کۆدگۆڕینەوە ناویاندەبەینەوە، و ئاماژە بە سەرچاوەکان دەکەین، پاشان ئاماژە بە جۆرەکانی کۆدگۆڕینەشەوە دەدەین لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، بە ئەم شێوەیە:

### ٢ . ٣ . ١: کۆدگۆڕینی خۆنەکرد

ئەم جۆرە کۆدگۆڕینەوە لەژێر دەسـتەڵات و کۆنترۆڵی قسـەکەردا نییە، واتە بە خواسـت و ویسـتی ئەو ڕووندادات، بەڵکو بە هۆی ئەوەی هەردوو زمانەکە (یان زیادتر) لای قسـەکەر زاڵن، ئەوا ئەم جۆرە لە کۆدگۆڕینەوە ڕوودەدات، کەواتە مەبەسـت لە ئەم جۆرە کۆدگۆڕینەوەیە ئەوەیە، کە قسـەکەر بە ویسـتی خۆی کارەکە ئەنجامنادات، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆی کۆدگۆڕینەکە تەنیا پێوەندیی بە هەڵوەسـتەوە هەیە، بە واتای ئەوەی ڕێڕەوی قسـەکردنەکە گەیشـتووەتە خاڵێك، کە پێویسـتیی بە زمان گۆڕین هەیە، ئەمەش زۆرجار لە ئاخاوتندا پێوەندیی بە جۆری قسـەکردن و دەوروبەر و چۆنێتیی بابـەتـەکـی دیاریکراوەوە هـەیـە (عەلی و حەمەئەمین، ٢٠٠٧: ٣٦)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەوەی لە ئەم جۆرە کۆدگۆڕینەدا ڕۆڵدەبینێت، بە زۆری دەوروبەرە، واتە گۆڕانی بارودۆخەکە دەبێتە هۆی گۆڕانی زمانی ئاخاوتنەکە، هەروەک لە دوو نموونەی خوارەوەدا هاتووە:

- بەیانی یەکەم ڕۆژە موباشرەکەیمن لە دەوام.

دەستبەکاربوون

- دوێت خاڵۆم ئینفکاک کرد لە کارەگەی. (دەستلەکارترازاندن)

بە سەرنجدان لە نموونەی یەکەم دەردەکەوێت، کە کۆدگۆڕینەکە لە وشەی (موباشەرەکەی)دا ئەنجامدراوە، بە جۆرێک لە جێگەی وشەی (دەستبەکاربوون)ی زمانی کوردی هاتووە، لە نموونەی دووهەمیشدا کۆدی (دەستلەکارترازان/ دەستلەکارهەڵگرتن)ی زمانی کوردی بە (ئینفکاک)ی زمانی عەرەبی گۆڕاوەتەوە.

## ٢ . ٣ . ٢: کۆدگۆڕینی خۆکرد

ئەم جۆرە کۆدگۆڕینەوە، کە دەشـــێت بە <<کۆدگۆڕینەوەی بە ئاگایانە>>ش ناوبنرێت لە ناونیشـــانەکەیەوە دیارە، کە پێچەوانەی کۆدگۆڕینی خۆنەکردە، چونکە لە ئەم جۆرەدا ئاخێوەر بە مەبەست، بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی و ئامانجەکانی گفتوگۆیەکە، یا بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی پتر، یان شـــاردنەوەی مەبەســتێک، یاخود هەر مەبەســتێکی دیکە کردەکە ئەنجامدەدات (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦ ـــــــــأ: ٨٢)، بە واتای ئەوەی قســەکەر لە ئاخاوتنەکانیدا لە چوارچێوەی زمان و شــێوازە بەکارهێنراو، یا پێرەوکراوەکانی زماندا بە ویست و خواستی خۆی کۆد دەگۆڕێتەوە.

لە کۆدگۆڕینەوەی خۆکرددا زۆرجار قسەکەر ئەو زمانەی لە نێو خێزانەکەیدا قسەی پێدەکات، دەشـێت زمانی کوردی بێت، بەڵام خوێندنی بە زمانێکی دیکە وەکو عەرەبی تەواوکردبێت، لەکاتی قسەکردنیدا لەگەڵ کوردێکدا بێئەوەی هەڵوێست و بارودۆخ گۆڕابێت، ئەوا لە ئاخاوتنەکەیدا زمانی عەرەبی تێکەڵ بە زمانی کوردی دەکات، جا پێدەچێت کاریگەریی خوێندنەکەی بێت، کە بە زمانێکی دیکەیە، یان بە مەبەســـتی خۆدەرخســـتن و نیشـــاندانی جیاوازیی خۆی بۆ کەســـانی بەرانبەربێت، تەنانەت جاری وەهایە گۆڕانی شـــێواز پێوەندیی بە هەڵوەســـتەوە نامێنێت، کە ئەم جۆرە کەناڵ گۆڕینە بۆ ماوەیەکی زۆر کورت دەمێنێتەوە، و قســـەپێکەران یان گوێگرانی دیکە لەسـەر شـێوازەکەی خۆیان بەردەوامدەبن، بە جۆرێک گوێنادەنە ئەم شێواز گۆڕینە، یاخود جاری وەهایە دوای ناکەون، چونکە شـێواز گۆڕینەکە هەڵوەسـتە نەیهێناوەتەئارا (سابیر، 2013: 53)، بۆیە باشتر وایە ئەم جۆرە کۆدگۆڕینەوەیە کاتێك ڕوودەدات، کە قسەکەر و گوێگر لە بارەی ئەو بابەتەی کە لەبارەیەوە دەدوێن هاوڕابن، و باوەڕی تەواویان هەبێت لە بارەی ئەو بابەتەی قسـەی لەبارەوە دەکەن هەبێت، چونکە ئەگەر وەها نەبێت، ئەوا ئەو ئاخاوتنە بە شـــێوازی ئاســـایی خۆی نەگاتە کۆتایی، تەنانەت جاری وەهایە دەرئەنجامی خراپی لێدەکەوێتەوە، با بڕوانینە ئەم دوو نموونەیە:

- صباح الخير ........................... صباح النور.
- سارە <u>تقديم</u> كرديد؟ ............. نە، تقديم نێكەم.

لە هەردوو نموونەکەدا بە ڕوونی دیارە، کە گوێگر یا کەســـی بەرانبەر بە تەواوەتی خۆی لەگەڵ کۆدگۆڕینەوەکە، یا بارودۆخە نوێیەکە گونجاندووە، چونکە کاتێک قســـەکەر بە عەرەبی سـڵاو، یا پرسـیاری کردووە، لە بەرانبەردا ئەویش بە عەرەبی وەڵامیداوەتەوە، ئەگەر وانەبووایە، وەک جۆرێک لە بەزاندنی بنەما سەیردەکرا، بە واتا دەبوو بە جۆرێک لە گاڵتەپێکردنی بەرانبەر.

## ٢ . ٤: کۆدگۆڕینەوە لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە

جیاواز لەو دابەشکردنە و جیاکارییە بۆ جۆرەکانی کۆدگۆڕینەوەی پێشەوە، ئەوا لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیشەوە دوو جۆر لە کۆدگۆڕینەوە جیاکراونەتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە:

## ٢ . ٤ . ١: کۆدگۆڕینەوەی میتافۆری (Metaphorical)

لە تێڕوانین و بۆچوونەکانی (بلۆم و گامپێرز ـــــــ ۱۹۷۲)ــــەوە کۆدگۆڕینەوەی میتافۆری بەکارهێنانی دوو شـــێوازی زمانە لە تاکە بارودۆخێکی هاوبەشــــدا، کە لەگەڵ گۆڕانی بابەتدا ڕوودەدات، و گوێگریش لەگەڵیدا بۆ دەسـتکەوتن یان گەیشـتن بە کاریگەرییەکی تایبەت، زمانەکە دەگۆڕێـت، لە دیـارترینی نموونەی ئەم کۆدگۆڕینەش، دەشـــێـت ئـامـاژە بە پێوەنـدیی نێوان فەرمانبەرانی فەرمانگەیەکی کارگێری لەگەڵ سـەردانیکەرانی نیشـتەجێی ئەو شـوێنە بدرێت، کە زمانی بەکارهێنراو لە کاتی هەواڵپرسـیدا بە شـێوەزاری ناوچەیی و کاتی ئیشـکردن بە شـێوە سـتانداردەکە دەبێت (حبیبی و همکاران، 1398: 40-41)، کەواتە دەکرێت بگوترێت: کۆدگۆڕینەوەی میتافۆری خۆی لە ئەوەدا دەبینێتەوە، کە لە گۆڕانی زمانی بەکارهێنراودا، بە شـێوەیەکە باس لە گۆڕان لە ئاسـت و سـنوری ئاخاوتنی سـەرەکیدا نەکات، بە واتای ئەوەی لە ئەم جۆرە کۆدگۆڕینەوەیەدا هەردوو لایەنی گفتوگۆ ماف و سـنوربەندییەکانی خۆیان لە کرداردا ناگۆڕن، و نابنە هۆی تێکشـکانی بنەما فەرمییەکان، بەڵکو تەنیا بەرەو ئەو پێوەندییە جیاوازەی لە نێوانیاندایە هەیە، دەڕۆن (عزیزی و همکاران، 1397: 3).

لە کۆدگۆڕینەوەی میتافۆریدا، کۆدێک دەتوانێت ببێتە پیشـاندەری نزیکی و پێوەندیی دۆستانە لە نێوان کەسـەکاندا، هەروەها پیشـاندەری مەودای کۆمەڵایەتیی نێوانیان بێت، نموونەی زیندووی کۆدگۆڕینەوەی میتافۆریش لە دونیادا، شـارێکە لە باکوری نەرویج بە ناوی (هێمنێسـبێرگت ـــــ Hemnesbergete)، چونکە لە نێو ئەم شـارەدا، بارودۆخی جووتزمانی بە جۆرێکە، کە زمانی (بۆکماڵ ـــ Bokmal) وەکو زمانی ستاندارد، و زمانی (ڕۆنماڵ ـــ Ronmal)یش وەکو زمانی ناوچەیی بەکاردەهێنرێت، بۆیە کەسانی نیشتەجێی ئەو شوێنە، لە شوێنە تایبەتییەکاندا ئاخاوتنەکانیان بە زمانی ناوچەیی، واتە (ڕۆنماڵ) و لە شوێنە فەرمییەکانیشدا بە زمانی (بۆکماڵ) دەبێت، هەروەها فەرمـانبەرەکـانیش لە فەرمـانگەکـانیـانـدا بە دوو زمـانی فەرمی و نـاوچەیی ئـاخـاوتنەکـانیـان ئەنجـامـدەدەن، بە جۆرێـک کـاروبـاری دۆسـتـانە بە بەکـارهێنـانی زمـانی نـاوچەیی و بـابەتە کارگێڕییەکانیش بە بەکارهێنانی زمانی فەرمی دەبێت (عموزاده، ۱۳۸۱: 102-103).

جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، کە هەمان دیاردە لە شـــاری خانەقینیشــدا بوونی هەیە، یاخود ئەم جۆرە کۆدگۆڕینە لە شـــاری خانەقیندا بەربڵاوە، و نموونەیەکی دیارە، بۆ نموونە کاتێک چەند کەسـێکی تورکمان، کە لە فەرمانگەیەکدا بە یەکەوە کاردەکەن، ئەوا لە کاتی ئاسـایی و دەرەوەی لایەنی کـارگێڕیی کـارەکەیـانـدا لەگەڵ کەســـانی دەوروبەریـانـدا بە تورکومـانی دەدوێن، و ئـاخـاوتنەکـانیـان ئەنجـامـدەدەن، بەڵام لە کـاتی ڕاپەڕانـدنی کـاروبـاری کـارگێڕییەکـانـدا بە زمـانی عەرەبی، یاخود زمانی کوردی کارەکانیان ئەنجامدەدەن، هەروەها لە ژیانی ئاسـاییشـدا تایبەت لە نێوان منداڵەکاندا ئەم دیاردەیە بە ئاشـکرا لە شـــاری خانەقیندا هەسـتپێدەکرێت، بە جۆرێک منداڵەکانی یەک خێزان بە زمانە زگماکییەکەی خۆیان دەدوێن، بەڵام لە خوێندن و چوونەدەریان لەگەڵ هاوڕێیەکانیاندا پەنادەبەنە بەر زمانی باوی ناوچەکە، کە بە زۆری عەرەبی یا کوردییە.

### ۲ . ٤ . ۲: کۆدگۆڕینەوەی بارودۆخ (Situational)

مەبەست لە کۆدگۆڕینەوەی بارودۆخ ئەوەیە، کە پەیوەستە بە بارودۆخ و شوێنەوە، و ئەم جۆرە لە زمانی فارســـیدا بە کۆدگۆڕینەوەی (موقعیتی) ناونراوە، کە بە واتای (Situational) دێت، ئەمەش لە کاتێکدا ڕوودەدات، کە گۆڕانی کۆد بە گوێرەی دەوروبەر و شـــوێن ئەنجامبدرێت، بە واتای ئەوەی ئاخێوەران بە گوێرەی هەڵوەســـتە و بارودۆخە جۆراوجۆرەکان پەنا بۆ زمانەکانی دیکە، یا ئەو زمانانەی دەیانزانن دەبەن، بە گوتەیەکی دیکە ئاخێوەر لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراودا شـــێوەی زمـانێکی گونجـاوتر لە ئەوانی دیکە بەکـاردەهێنێـت، کە کـاریگەرتر و سەرکەتووترە، بە نموونە جۆر و شێوەیەک لە زمان کە بۆ هەواڵپرسی لە نێوانی گروپێکی پیاو لە کارگەیەک بەکاردێت، لەگەڵ شێوەیەکی دیکەی زمان، کە مامۆستایان بۆ ڕونکردنەوەی بابەتێک لە فێرکردن و وانەگوتنەوەدا بەکاریدەهێنن، ئەوا جیاوازە (حبیبی و همکاران، 1398: 41).

لە ڕوونکردنەوەی پێشـــووەوە دەکرێت بگوترێت: ئەم جۆرە کۆدگۆڕینەوەیە بۆ هەلوەرگرتن و هێما بۆ مەبەست دانانە، بە واتای ئەوەی خۆکردانە لە ژێر ویست و دەستەڵاتی ئاخێوەراندایە، کە دەشێت پەیوەست بە سنوری کارەکەی ئێمەوە بۆ نیشاندان و سەلماندنی نەتەوایەتی بێت، یاخود جۆرێک لە هەستی ناسیۆنالیزمی ئەو تاکانە لە بەرانبەر زمان و نەتەوەکانیاندا بێت، کە لە نێوان خۆیاندا بە زمانی نەتەوەکەی خۆیان دەدوێن، و لەگەڵ بەرانبەریشدا پەنا بۆ زمانە باوەکە دەبەنەوە، بە نموونە: کاتێک دوو کوردی خانەقین بە یەکەوە دەڕۆنە بازاڕ، ئەوا بە بێگومانی بە کوردی ئاخاوتنەکانی نێوانیان بەڕێوەدەچێت، بەڵام کاتێک ڕێگەیان دەکەوێتە دوکانێک یا چایخانەیەک، کە خاوەنەکەی عەرەب، یاتورکمانە، ئەوا بۆ ئەوەی کارەکەیان بە ئەنجام بگات، زمانەکەیان بۆ زمانی بەرانبەرەکەیان دەگۆڕن، بە واتای ئەوەی کۆدی بەرانبەر بەکاردەهێنن.

### ٢ . ٥: کۆدگۆڕینەوە لە کات و بارە جیاوازەکاندا

جگە لە جۆرەکانی کۆدگۆڕینەوە، کە پەیوەست بە ئاخێوەرانەوە لە بابەتی پێشوودا خرانەڕوو، ئەوا دەشێت جۆرەکانی کۆدگۆڕینەوە لەسەر بنەمای کات و بارە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زمانیش پۆلبکرێن، کە لەم ڕووەوە لە سێ لایەنەوە لە بابەتەکە دەڕوانین، کە ئەوانیش ئەمانەن:

### ٢ . ٥ . ١: کۆدگۆڕینەوە لە کاتی ئاخاوتندا

ئەم دیاردەیە، خۆی لە گۆڕینی کۆد لە زمانێك یان زارێك بۆ زمانێك یان زارێکی دیکەدا دەبینێتەوە، بە تایبەت کاتێك ئاخێوەر وا هەستدەکات، کە ناتوانێت پەیامەکەی بە شێوەیەکی دروست بە گوێگر بگەیەنێت، یان توشـــی ئاســـتەنگ بووە لە گەیاندنی پەیامەکەیدا، بۆیە لە پێناو زاڵبوون بەسەریدا، و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە کردەی پێوەندیکردن، و هێنانەدی لەیەکدیگەیشتن لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا، ئەوا پەنادەباتە بەر ئەم دیاردەیە، لە سنوری توێژینەوەکەشماندا گۆڕینەکە لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا ڕوودەدات، بۆ نموونە:

✐ زمانی کوردی بۆ عەرەبی

– - زانیدن ڕاتبەگەی م. حەمید فرە فرەس ؟

- – اخی گول ماشاالله.

✐ زمانی کوردی بۆ تورکمانی

- ـ بەیانی دەوام هەس؟
- ـ یارن عوتلەدە.
-

## ٢ . ٥ . ٢: کۆدگۆڕینەوە لە کاتی نووسیندا

ئەم دیاردەیە زیادتر لە لای ئەو کەسانەدا بەرهەستەدەبێت، کە توانا و بەهرەی ئەوەیان تێدایە، کە بە زیادتر لە زمانێك، یان دیالێکتێک بنووســـن، بە تایبەتیش لە ئەو کاتانەدا، کە ناتوانن پەیامەکەیان بە شێوەیەکی دروست بە زمانی زگماکی خۆیان بە بەرانبەر بگەیەنن، یان بۆ زیادتر ڕوونکردنەوەی هەندێ وشـــە و دەســـتەواژەی نێو نووســـینەکەیان پەنا بۆ ئەم دیاردەیە دەبەن، و لە زمان و دیالێکتەکانی دیکە ســـوودوەردەگرن، یان زیادتر لە ئەو توێژینەوە زانســـتیانەدا خۆیدەبینێتەوە، کە بەراوردی لایەنێك، یان ئاستێك لە ئاستەکانی زمان لە نێو دوو زماندا دەکات.

کاریگەریی ئەم کۆدگۆڕینە لە شـێوەزاری خانەقینیدا بەســـەر دروســـتەی فرێزە ناوییەکانەوە، تایبەت لە تابلۆیەکانی بانگەشە/ ڕیکلامی بازرگانیدا دەردەکەوێت، بە نموونە نووسراوە:

ـ نووسینگەی (الحاج فرید) بۆ حەج و عەمرە.

کە شێوازی دروستی فرێزەکە دەبێت، بە ئەم شێوەیە بنووسرێت:

ـ نـووسـینـگەی حەج و عەمرەی حاجی فەرید.

(عەبدوڵڵا، ٢٠١٦ ـ ب: ١٤٩)

## ٢ . ٥ . ٣: کۆدگۆڕینەوە لە کاتی خوێندنەوەدا

ئەم دیاردەیە زیادتر لە ئەو کاتانەدا دێتەئاراوە، کە خوێنەر، یان تاکەکانی پێکهاتەی زمانێك مەبەســـتیانە زانیارییەکانیان دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو پڕبکەنەوە، یا زیادبکەن، بەڵام هیچ سەرچاوە و ژێدەرێکی پێویستی بە زمانی یەکەم/ دایک لە بارەی ئەو بابەتە بەردەست نییە، بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەم دیاردەیە، هەروەکو زۆربەی هەرەزۆری ئەو توێژینەوانەی ئەمڕۆ لە ناوەندە ئەکادیمی و زانکۆیەکانی کوردستان بە تایبەتی لە بواری زانستە پراکتیکیەکاندا دەبینین، توێژەر بە ناچاری پەنا دەباتە بەر کۆدگۆڕینەوە لە خوێندنەوەدا.

## ٢ . ٦: کۆدگۆڕینەوە بەپێی دەرکەوتنی ڕستەیی

جگە لە ئەو جۆرە کۆدگۆڕینانەی باسکران، ئەوا زمانەوانان کۆدگۆڕینەوەیان لە ڕووی گرنگیی پێکهاتەی ڕستەییەوە، یاخود چۆنیەتیی دەرکەوتنی لە نێو دروستەی ڕستە و دەربڕاوەکاندا بۆ سێ جۆر دابەشکردووە:

(عزیزی و همکاران ، 1397: 3 + غیاثیان و رضائی، 1393 : 105)

## ٢ . ٦ . ١: سەروو ڕستەیی (Extra-Sentential)

ئەم جۆرە کۆدگۆڕینەوەیە خۆی لە دانانی گوزارە و دەربڕاوی زمانێك لە پاڵ ڕستەی زمانێکی دیکەدا دەبینێتەوە، کە وەک پاشڕستە یا ڕستەی پێکهێنەر لە نێو ڕستەکاندا دەردەکەوێت، بۆ نموونە:

✐ وشە و دەربڕاوی شێوەزاری خانەقینی لە نێو ڕستەیەکی زمانی عەرەبیدا:

- اجيت علمودك ڕوحەگەم .
- فەرە شەکەتم، لا تجى هوايه.

لە ڕستەی یەکەمدا دەربڕاوی (ڕوحەگەم)ی شێوەزاری خانەقینی لە نێو ڕستە عەرەبییەکەدا هێنراوەتەوە، لە ڕستەی دووەمیشدا (فەرە شەکەتم) بەشێک یا پێکهێنەرێکە لە پێکهێنەری ڕستە سەرەکییە لێکدراوەکە، کە بەشی دووەمی بە زمانی عەرەبییە.

## ٢ . ٦ . ٢: نێوان ڕستەیی (Inter-Sentential)

ئەم جۆرە کۆدگۆڕینەشیان لە نێوان ڕستە و دەربڕاوەکاندا ڕوودەدات، بە شێوەیەک کاتێک ڕستەیەک یان دەربڕاوێک لە زمانێک و ڕستە و دەربڕاوێکی دیکە لە زمان یا دیالێکتێکی دیکەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیادتر با بڕوانینە ئەم نموونانە:

✐ ڕستەی زمانی عەرەبی و ڕستەی شێوەزاری خانەقینی:

- الجـو يصيـر حلـو.
- وەختێ واران وارد.

لەم ئاخاوتندا قسەکەری یەکەم ڕستەیەکی زمانی عەرەبی دەربڕیوە، وەرگر یا بەرانبەریش وەک کاردانەوە و وەڵامدانەوەیەک بۆ هۆکاری خۆشی ئاووهەوا و کەشەکە بە ڕستەیەکی شێوەزاری خانەقینی وەڵامیداتەوە.

- گـوم خـلي نـروح.
- ئەرا کورە بچیمن؟

لێرەشدا ڕستەی یەکەم بە زمانی عەرەبییە، و وەڵامدانەوەی گوێگر بە شێوەزاری خانەقینییە.

## ٢ . ٦ . ٣: نێو ڕستەیی (Intra-Sentential)

ئەم جۆرەشیان لە نێوان زمانەکان، لە نێو دەربڕاوەکاندا، و تەنانەت وشەکانیشدا ڕوودەدات، کە تێیدا وشەیەک لە وشەکانی زمانە زانراوەکان دەهێنرێتە نێو پێکهاتەی ڕستەکەوە، بە گوتەیەکی دیکە ڕستە و دەربڕاوەکان ئەلەمێنتەکانیان بۆ زمانە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە:

✐ وشەی زمانی عەرەبی و وشەی شێوەزاری خانەقینی و وشەی تورکی لەنێو ڕستەدا:

- سەیارەگەی شیلان دوێتم قرمزە.
- محەلەگە کەی کریەدەو؟

لە سەرنجدانی ئەم نموونانەوە دەردەکەوێت، کە لە ڕستەی یەکەمدا (قرمز) وشەیەکی تورکمانییە، هەروەها (محەل)یش لە ڕستەی دووهەمدا لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، بەڵام هەردووکیان وەک ئەلەمێنت و پێکهێنەری ڕستەکان بەکارهێنراون، یاخود قسەکەر بە کۆدە زمانییە بنچینییەکە گۆڕیونی، بە واتای ئەوەی لەبری وشەیەکی کوردی بەکاربهێنێت، ئەوا پەنای بۆ ئەم وشانە بردووە.

✐ وشەی زمانی عەرەبی لەنێو ڕستەدا:

- عەیدان موبارەک.
- عەیدان مووبارەک بوود.

لە ئەم ئاخاوتنەشدا وشەکانی (عید ، مبارک) لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە نێو شێوەزارەکەوە، و کاریگەریی خۆیان ڕەخساندووە.

یاخود لە کاتی چوونەماڵێک، یا لای کەسێک منداڵی بووبێت، ئەوا دەگوترێت:

- پا و قەیەمی وەخێر بوود.

لەم ڕستەیەشدا (قەیەم) هەر (قدم)ێ عەرەبییە، هێنراوەتە نێو ڕستەکەوە.

### ٢ . ٧: کۆدگۆڕینەوە لە وشەسازیدا

هەرچەند زۆرینەی زمانەوانان کۆدگۆڕین، پتر وەک دیاردەیەکی ڕستەیی یا سەرووڕستەیی لێکدەدەنەوە، بەڵام پێویستە ئاماژە بە کۆدگۆڕینەوە لە ئاستی وشەسازیدا بدرێت، بە تایبەت لە سنوری کار و توێژینەوەکەی ئێمەدا، چونکە بە بێگومانی زمانی عەرەبی و فارسی کاریگەرییان لەسەر شێوەزاری خانەقین هەبووە، هەر ئەم کاریگەرییەش وایکردووە، کە بەشێک لە وشەکانی شێوەزارەکە وشەی زمانی عەرەبی و فارسی بن، یاخود وشەی وەرگیراوی ئەو زمانانە لە لایەن ئاخێوەرانیەوە بەکاربهێنرێت.

لە زمانی کوردیدا بەگشتی، و لە شێوەزاری خانەقیندا دوو جۆر وشەمان هەیە، ئەویش وشەی سادە و وشەی ناسادەیە، کە وشەی داڕێژراو و وشەی لێکدراو دەگرێتەوە، هەر بۆیە لە نێو وشە لێکدراوەکانی شێوەزارەکەدا، کە لە دوو کەرت پێکدێن وشەی ئەو دوو زمانەی دیکە دەبینرێت، و بەکاردەهێنرێت، بە جۆرێک یەکێک لە کەرتە پێکهێنەرەکانی وشە لێکدراوەکە وشەی زمانی عەرەبی یاخود فارسییە، و کەرتەکەی دیکەشیان وشەی شێوەزارەکەیە، کەواتە لە شێوەزارەکەدا وەرگرتن و گواستنەوەی وشە لە زمانانی دیکەوە بە هەردوو جۆرەکە دەبینرێت، بە جۆرێک بەشێکیان ئەو وشە سادە فارسی و عەرەبیانەن، کە لە لایەن ئاخێوەرانی شێوەزارەکەوە بەکاردەهێنرێن، ئەویش دوای ئەوە لە ڕووی دەنگییەوە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، و خراونەتە بەر فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردییەوە، لە نموونەی ئەو وشانەش:

✐ وشەی سادە:

[زوڵم ، سەبر ، ئەمر ، دەعوەت ، ئختیار ، غەڵەت ، ئستفادە ، هەسرەت ، غافڵ ، عیلاقە و ... تاد.]

✐ وشەی نسادە:

- وشەی داڕێژراو:

[قەورسان ، تابستان ، دەسە ، ڕەفتار ، مەردانە ، موهیمتر و ... تاد.]

- وشەی لێکدراو:

کەرتی یەکەم (زمانی عەرەبی) + کەرتی دووەم (شێوەزارەی خانەقین)

بۆ نموونە:

[ سەبرگردن ، غافڵبووین ، هەسرەتکیشان ، زوڵمکردن ، ئستفادەکردن ، ئختیارکردن ، قەتڵکردن ، زەکات دان و ... تاد.]

کەرتی یەکەم (زمانی فارسی) + کەرتی دووەم (شێوەزارەی خانەقین)

بۆ نموونە:

[دوسیکردن ، گوشگردن ، گلخواردن ، پویل داشتن ، تاریفکردن ، جەمکردن ، گومبووین ، بازیکردن ، ، هفزکردن و... تاد.]

ئەو نموونانەی خرانەڕوو لە بارەی کۆدگۆڕینەوە بوون، بەڵام ئەگەر ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییان لە بارەوە کراو، و بە جۆرێک لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا شوێنی خۆیان گرت و کەلێنیکی فەرهەنگییان پڕکردەوە، بە واتای ئەوەی بەسەر زاری زۆربەی بەکارهێنەرانی زمانەوە دووبارەکرانەوە، ئەوا لە ئەم بارەدا وشەکان دەچنە نێو فەرهەنگی زمانەکەوە، و دەبن بە وشەی وەرگیراو، بۆیە لێرەدا پێویستە بابەتی وشەوەرگرتن و کۆدگۆڕینەوە لە یەکدی جودابکرێنەوە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی وشەوەرگرتن بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی واتایی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیی زمانە، بەڵام کۆدگۆڕینەوە دۆخێکی کاتییە و دوای تەواوبوونی گفتوگۆیەکە ئەم بارەش تەواودەبێت، هەروەها وشە بەکارهاتووەکانیش نایەنە نێو زمانەکەی دیکەوە، یا زمانی دووهەمەوە چونکە زۆرجار ئەو وشانەی کە لە کۆدگۆڕینەوەدا بەکارهاتوون، بەرانبەرەکەیان لە زمانەکە یاخود لە شێوەزارەکەی دیکەدا هەیە، بۆیە پێویست بە وەرگرتنیان ناکات (عەبدوڵڵا، ٢٠١٦ ـــ أ: ٨)، بە واتای ئەوەی بۆ هەریەک لە وشە و نموونەکانی پێشەوە لە زمانی کوردیدا دەشێت وشەی کوردی هەبێت، و پێویست بە وەرگرتنیان نەکات.

## ئەنجامەکان

**گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە شیکردنەوەی درکپێکراوەکانی نێو توێژینەوەکەوە بە دەستمان گەیشتووە، لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو:**

**1.** پێواژۆی کۆدگۆڕینەوە بە زمان و کات و سەردەمێکی دیارکراوەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو لە زۆرینەی زمانەکاندا هەیە و هەبووە، بەڵام چەندیەتی و چۆنیەتییەکەی لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، یاخود لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت، هەروەها ئەم دیاردەیە پتر لە دوای هاتنەناوەوەی شتی بێگانە و تێکەڵبوونی جوگرافیایی، لەگەڵ بەهێزبوونی کاریگەریی ڕامیاری بەسەر زمان و ناوچەیەکدا زەقتردەبێتەوە.

**2.** کۆدگۆڕینەوە، وەك زۆر بابەتی دیکەی زمانەوانی لە فرە زاراوەیی و ڕا جیایی نووسەران و توێژەران بەدەر نییە، لە لایەکی دیکەشەوە لە بەشێک لە توێژینەوەکاندا چەمکەکانی ئەم بابەتە تێکەڵکراون، و لە یەکدی جیانەکراونەتەوە، بە جۆرێك هەندێکیان جیاوازییان لە نێوان کۆدگۆڕینەوە و کۆدتێکەڵکردندا نەکردووە، و بە تێکەڵی باسیان کردووە.

**3.** کۆدگۆڕینەوە چەمکێکی زانستی هێمالۆژی و زانستی زمانە، و زۆربەی زمانەوانان لەسەر ئەوە هاوڕان، کە لە لای ئەو کەسانە دێتەئاراوە، کە لە کاتی قسەکردن و گفتوگۆکردندا لە هەمان بارودۆخدا هەردوو زمانەکە، یا کەرەستەی هەردوو زمانەکە بەکاردەهێنن، ئەم ئەنجامەش لەگەڵ شێوەزاری خانەقین و خەڵکەکەیدا ڕاستەوانە دەکەوێتەوە، کە بەپێی بارودۆخە جۆراوجۆرەکان ئەم دیاردەیە لە ئاخاوتنەکانیاندا ڕوودەدات.

**4.** کۆدگۆڕین دیاردەییەکی کۆزمانەوانییە و پچڕانی پێوەندیی نێوان ئاخێوەران نییە، بەڵکو لێهاتوویی و یارییەکی زیرەکانەیە، کە جووتزمانەکان بە ئەو دوو زمانە، یا زیادترەی دەیزانن بۆ بەدیهێنانی ئامانج و ئەرکەکانی زمان ئەنجامیدەدەن.

**5.** لە دونیای ئەمڕۆدا میللەتی دوورەپەرێز و دابڕاو دەگمەنە، بۆیە هیچ زمانێک نییە، کە بە تەواوەتی پاراوبێت، و وشە و دەربڕاوەکانی تەنیا هی خودی زمانەکەبێت، کەواتە بەشێوەی نائاگا زمانەکان تێکەڵی یەکدەبن، و دیاردەی کۆدگۆڕینەوە تێیاندا ڕوودەدات، سەبارەت بە ناوچەی توێژینەوەکەش ئەوا کۆدگۆڕینەوە کاریگەرییەکی ئەوتوی لەسەر لایەنی سینتاکسی زمانەکە نەبووە، بەڵکو تەنیا لە فەرهەنگ و ئاخاوتنی ڕۆژانەدا کاری کردووەتەسەر.

**6.** هەڵکەوتەی جوگرافیایی، لەگەڵ مێژوو و باری ڕامیاریی (خانەقین) وایانکردووە، چەندین دیاردەی زمانەوانی لەخۆبگرێت، بۆیە دیاردەی کۆدگۆڕینیش لە ناوچەکانی دیکە تێیدا زەقتر و بەکارترە، کە بە گشتی لە نێوانەکانی زمانەکانی کوردی، عەرەبی و تورکمانیدا بەرهەستەدەبێت.

**7.** شێوەزاری خانەقین لە چەند ڕێگەیەکەوە کۆدگۆڕینەوەی بە زمانە جیاوازەکان تێدا ڕوودەدات، بە جۆرێک کاریگەریی زمانی فارسی پتر بۆ هاوسنووربوون دەگەڕێتەوە، هەرچی زمانی عەرەبیشە، ئەوا سەرباری هاوسنوری و داگیرکاری، ئەوا بە هۆی ڕۆشنبیری و خوێندن و بەکارهێنانی زمانەکە لە دامودەزگا فەرمییەکانیدایە، زمانی تورکیش هۆکارەکەی زیادتر بۆ لایەنی مێژووی ناوچەکە بگەڕێنرێتەوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: بەزمانی کوردی


- سابیر، شادان شوکر (2013)، زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا ـــــ شاری هەولێر بە نموونە، نامەی

ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
- فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- فەتاح، محەمەد مەعروف و قادر، سەباح ڕەشید (2008)، زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمار (9)، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- عەبدولوەهاب، عەدنان عەبدوڵڵا (٢٠٠٥)، وەرگرتنی زمان لای منداڵ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، نەسرین نوری (2016 ــ ب)، کاریگەریی زمانە دراوسێکان لەسەر شێوەزاری خانەقین، نامەی ماستەر، فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عەبدوڵڵا، هیوا مەولود (2016 ــ أ)، ئەنالۆژیای کۆدگۆڕینەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- عەلی، بەکر عومەر و حەمەئەمین، شێرکۆ (٢٠٠٧)، زار و شێوەزار، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- عەلی، بێستون ئەبوبەکر (2015)، دەرکەوتەی دوو دیوی زمان لە کۆمەڵە ئاخاوتنییەکاندا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- محمد، هیدایەت عبدالله (٢٠٠٧)، وشە و زاراوەی خوازراو و سەپێنراو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە (٢١)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- ناوخۆش، سەلام (2010)، شێوەزاری هەولێر هەوڵێک بۆ ستاندەرێکی نوێ لەبەر ڕۆشنایی پلانی زمان، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (7)، چاپخانەی منارە، هەولێر.

## دووهەم: بەزمانی فارسی

- ابطحی، مهدی و خدادادیان، مهدی (١٣٩٥)، تأثیر دو زبانگی بر یادگیری زبان سوم، نشویه پژوهشهای زبان شناسی، سال (7) شماره (1).
- اربابی، سارا و هامکاران (١٣٩٢)، تأثیر دو زبانگی بر شناخ ــــ مطالعه دو زبانەهای أذری ــ فارسی، پژوهشهای زبان شناختی در زبانهای خارجی، شماره (3).
- اسیابادی، علی محمدی (1388)، زیبایی شناسی رمز گردانی، فنون ادبی، دوره (1)، شماره (1)، شماره پیاپی (١)، دانشگاه اصفهان، اصفهان.
- الله کرمی، ئازاد (١٣٩٥)، مبانی نضریەها و رویکردهای أموزش دو زبان ، چهامین همایش سالانه انجمن مطاعات برنامه درسی ایران ، دانشگاه بوعلی سینا، همدان.
- الیاسی، محمود (١٣٩١)، دو زبانگی نگاهی بی امزش دو زبانەها در ایران، پژوهشهای زبان شناختی، سال (١)، شماره (١).
- بامشاوی، پارسا و اردکانی نگار داود (١٣٩٤)، رمزگردانی و ارتباگ ان با دیگر پدیدەهای حصل از بر خورد زبانی، پژوهشهای زبان شناختی در زبانهای خارجی ، شماره (١).
- حبیبی، مژگان و همکاران (1398 )، بررسی علل رمزگردانی و انواع أن بین دبیران مرد وزن ترگی آزری ــــ فارسی زبان شهر اورمیه، مجله زبان شناسی و گویشهای خراسان ، سال (11)، شماره (1).
- حیدری، عبدالحسین و همکاران (1392)، دلایل رمز گردانی زبانی معلمان در کلاسهای ابتدائی مناطق دو زبانه ترکی ــ آزری، فصلنامه علمی ــــ پژوهشی، نوأوری های أموزشی، دوره (١٢)، شماره (٣)، شماره پیاپی (٤٧).
- خانبابازاده، کیومرث و رضایتی، محرم (١٣٩٥)، تداخل آوایی در جملەهای فارسی-تالشی و تالشی-فارسی، نامه انسان شناسی، شماره (٢٥).

- دلارامی، منصـــور فر (١٣٩٥)، انگیزه و الگوهای رمزگردانی درمیان گویشـــزاران پشـــوران سیستانی براساس دیدگاه گایزل، دو فصلنامه زبان شناسی گویشهای ایران، شیراز.
- زند، بهمن و همکاران (1394)، بررســـی پدیده دو زبان گونگی در شـــهر اردبیل از دیدگاه زبان شناسی اجتماعی، مجله زبان شناسی و گویشهای خراسان، مشهد، دوره (٧)، شماره (١٣).
- سعیدی، زری و أریان، ثور مهسا (1394)، تحلیل بر فرآیند رمزگردانی در گویشوران دو زبانه از منظر متغزیهای بافت وقوعگفتار، سن و جنسیت، علم زبان، سال (٣)، شماره (٥).
- صـــیادی نژاد، روح الله (١٣٩٥)، بررســـی و تحلیل پدیده دو زبانگی در شـــعر معاصـــر عربی، پژوهشهای زبان شناختی در زبانهای خارجی، دوره (٦)، شماره (٢).
- عزیزی، کیوان و هامکاران (1397)، بررســـی جامعهشـــناختی پدیده رمزگردانی دو زبانههای کلهری – فارسی در دانش آموزان، فصلنامهی علمی پژوهشی تدریس پژوهشی، سال (٦)، شماره (٣).
- عموزاده، محمد (١٣٨١)، همگرایی و دو زبانگونگی در گویش مازندرانی، پژوهشـــنامهی علوم انسانی واجتماعی، سال (6).
- غیاثیان، مریم سادات و رضایی، حکیمه (١٣٩٣)، بررسی نقش نماهای کلامی فارسی در مکالمات دو زبانههای ارمنی ـ فارسی، زبان شناخت، شماره (9).
- فریدون، جاوید و چهار طاق، نفسیهتدین (1398)، بررسی مقیاسهای الگوهای رمزگردانی در گفتار روزمره دانش آموزان دختر مقاطع دبستان و متوسطه شهرستان اورمیه، فصلنامه زبان شناسی اجتماعی.
- گلستانی، مونا و هامکاران (1395)، مقیاس کارکردهای اجرایی و خافظه دانش آموزان دو زبان و تك زبانه، دو فصلنامه علمی – پژوهشی شناخت اجتماعی.
- مهردادنغز، گوی کهن (1393)، فرهنگ توصیفی زبانشناسی تاریخی، چاپ اول، تهران.
- محمود زاده، کامبیز (١٣٨٨)، دو زبانگی وترجمه شفاهی، چاپ اول، ناشر رهنما، تهران.
- نجاریان، بهمن و مکوندی، بهمن (1376)، مروری بر پیامدهای دو زبانگی، فصـــلنامه تعلیم و تربیت (أموزش و پرورش)، شماره (٥٢).

### سێهەم: بە زمانی عەرەبی

- جاس، ســوزان و ســلينكر، لارى (٢٠٠٩)، اكتســاب اللغة الثانية، الجزء الاول، ترجمة: ماجد الحمد، جامعة الملك سعود ـ السعودية.
- جمال بابان (١٩٧٦)، اصول أسماء المدن والموافع العراقية، الجزء الاول، مطبعة المجمع العلمي الكردي، بغداد.
- عمر، محمد عبدالله (٢٠٠٤)، مباحث كوردية، الطبعة الاولى، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل.
- مارتينى، أندريه (٢٠٠٩)، وظيفة الالسن وديناميتها، ترجمة: نادر سراج، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.
- النعيمى، حســام ســيعد (١٩٨٠)، الدراســات اللهجية والصــوتية عند ابن جنى، ســلســلة دراســات (٢٣٤) ، دارالرشيد للنشر، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، الجمهورية العراقية.
-

- Jas ‹suzan & slingar ‹larî (2009). ektsab allxa alsanî, alcz alawl, tarjama: Majid Alhmd, cam3a almlk saud – alsaudîa.
- Jmal Baban (1976). asul asma almdn walmwaf3 al3raqî, alcz alawl ‹matba3a almajma3 al3lmî alkrdî, bxdad.
- Omar, Mahamad Abdulla (2004). Mabahs kurdya, altab3a alula, Matba3a Jam3a Salahadin, Arbil.

- Martini, Andrya (2009). Wazyfa Alalsn wadynamytha, Tarjama: Nadr Saraj, Altab3a Alula, almnazama al3arabya liltarjama, Bayrut.
- Alnu3aymi, Hisam Sa3id (1980). Aldrasat Allahjya walsawtya 3nda ibn Jni, silsila drasat (234), Daralrashid lilnashr, Manshurat Wazarat Alsaqafa wali3lam, Aljmhuryat Al3raqya.

چوارهەم: بە زمانی ئینگلیزی

- Clyne, M. G., (1991). Community Language: the Australian Experience, Cambridge University press.
- Gumperz, J. (1982). Conversational code-switching. Cambridge: Cambridge University Press.
- Meyerhoff, Mirian (2019). Introducing Sociolinguistics, 3rd Edition, Routledge: London.
- Poplack, S. (1983). Department of Linguistics (code-Switching). Berlin: Mouton De Gruyter.

## References

### Kurdish References:

- Sabir, Shadan Shukr (2013). Zman Tekalkrdn la Axawtnda – Shari Hawler ba Nmuna, Namay Mastar, Kolejy Zman, Zankoy Salahadin, Hawler.
- Fatah, Mahamad Ma3ruf (2010). Lekolinawa Zmanawaniyakan, Kokrdnawa u Amadakrdni: Sherwan Husen Khoshnaw & Sherwan Mirza Qadir, Chapy yakam, Dazgay Twejinawa u Blawkrdnaway Mukryani, Chapxanay Rozhhallat, Hawler.
- Fatah, Mhamad Ma3ruf & Qadir, Sabah Rashid (2008). Zman Tekalkrdn la Axawtnda, Govary Akadimy, zhmara (9), Bllawkraway Akadimyay Kurdi, Chapxanay Haji Hashm, Hawler.
- Abdulwahab, Adnan Abdulla (2005). Wrgrtny zman lay Mndall, Namay Mastar, Kolejy zman, Zankoy Slemani, Slemani.
- Abdulla, Nasrin Nwri (2016 – B). Karigaryi Zmana Drawsekan lasar Shewazary Xanaqin, Namay Mastar, Fakalty Zansta Mrovayatiyakan, Zankoy Slemani, Slemani.
- Abdulla, Hiwa Mawlud (2016 – A). Analojyay Kodgorinawa la zmani kurdia, Namay Mastar, Skuly zman, Zankoy Slemani, Slemani.
- Ali, Bakr Omar & Hama Ameen, Sherko (2007). Zar u Shewazar, Chapy duwam, Chapxanay Chwarchra, Slemani.
- Ali, Bestun Abubakr (2015). Darkawtay dudiwy zmani la komala Axawtniyakanda, Namay Mastar, Skuly zman, Zankoy Slemani, Slemani.
- Mhamad, Hidayat Abdulla (2007). Wsha w zaraway Xwazraw u Sapenraw la Zmani Kurdida, Govary Zankoy Slemani, bashy (B), Zhmara (21), Zankoy Slemani, Slemani.
- Nawxosh, Salam (2010). Hawllek bo Standardeki Nwe Labar Roshnayi Plany Zman, Govary Zmannasi, Zhmara (7), Chapxanay Mnara, Hawler.

### Persian References:

- Abtahy, Mahdi & Xudadadyan, Mahdi (1395). Tasyr dw zbangy br yadgyry zban swm, nashwaya pazhuhashhay zban shnasi, Sal (7), Shmara (1).

- Arbaby, Sara & Hamkaran (1392). Tasyr dw zbangy br shnax, Mtala3a dw zbanahay Azary – Farsy, pazhuhashhay zban shnaxty dr zbanhay xarji, shmara (3).
- Asyaabaday, Ali Mhamadi (1388). Zybayi shnasy ramz gardany, Fnin Adaby, dawra (1). Shmara (1), Payaype (1), Danshga Asfahan, Asfahan.
- Alla Karamy, Azad (1395). Mabany Nazaryaha w Rwykrdhay Amwzh dwzban, Chhamyn Hmaysh Sallana Anjuman Mta3a Barna Darsy Eran, Danshga bw Ali Sina, Hamadan.
- Alyasi, Mahmud (1391). Dwzbangy Ngahy by Amzsh Dwzbanaha dr Eran, Pazhwhashhay Zban Shnaxty, Sall (1), Shmara (1).
- Bamshaw, Parsa & Ardakany Nga Dawd (1394), Ramzgardany w Ertbag In Ba Dygar Padydahay Hasal Az Bar Xwrd Zbany, Pazhwhashhay Zban Shnaxty dar Zbanhay Xarji, Shmara (1).
- Habibi, Mzhgan & Hamkaran (1398). Barrasy 3alil Ramgardani w Anwa3 In bayn Dabyran Mard w zan Taragy Azari – Farsy Zban Shahr Urmya, Mjala Zban Shnasi w Gwyshhay Xrasan, Sall (11), Shmara (1).
- Haydary, Abdulmuhsin & Hamkaran (1392). Dalayl Ramzgardany zbany M3lman dar Klashay Ebtdaey Manayq dw Zbana Twrky – Azari, Faslnama 3lmy – Pazhwhashy, Nwawry hay Amwzshy, Dwra (12), Shmara (3), Pyapey (47).
- Xanbabazada, Kaymaras & Razayty, Mwharam (1395). Tdaxl Awayi dar Jmlahay Farsy Talshy w Talshy Farsy, Nama Insan Shnasy, Shmara (25).
- Dlaramy, Manswr Far (1395). Angyza w Algwhay Ramzgardany darmyan Gwyshzaran Yashwran Systanu Barasas Dydaga Gayzl, dw Faslnama Zban Shnasi Gwyshhay Eran, Shiraz.
- Zand, Bahman & Hamkaran (1394) Barrasy Padyda dw Zban Gwngy Dar Shahr Ardabyl Az Dydga Zban Shnasi Ejtma3y, Mjala Zban Shnasi w Gwyshhay Xrasan, Mashhad, dwra (7), Shmara (13).
- Saeedy, Zary & Aryan, Sawr Mahsa (1394). Tahlil Bar Fraynd Ramzgardany dar Gwyshwaran dwzbana Az Manz Mutaxazyhay Baft wqw3gtftar, Sn w Jnsyat, 3lm zban, sall (3). Shmara (5).
- Sayady Nazhad, Rwh Alla (1395). Barrasy wa Tahlil Padyda dw zbangy dar Sh3r M3asr Arabi, Pazhwhashhay Zban Shnaxty Dar Zbanhay Xariji, Dwra (6), Shmara (2).
- Azeezi, Kaywan & Hamkaran (1397). Barrasy Jam3ashnaxty Padyda Ramzgardani dwzbanahay Kalhury – Farsy Dar Dansh Amwzan, Faslnamay #lmi Pazhwhashy Tadris Pazhhashy, Sall (6). Shmara (3).
- Amwzada, Mhamad (1381). Hamgarayi Dwzbangwngy Dar Gwysh Mazndarani, Pazhwhashnamay 3lwm Ensani waeJtma3y, Sall (6).
- Xyasyan, Maryam Sadat & Razayi, Hakyma (1393), Barrasy Naqsh Nmahay Kalamy Farsy Dar Mwkalamat Dwzbana hay Armani – Farsi, Zbanshnaxt, Shmara (9).
- Faraydwn, Jawyd & Chha Taq, Nfsyatdin (1398). Barrasy Mqayasahay Algwhay Ramzgardany Dar Gwftar Rwzmara Dansh Amwzan Dwxtar Mqata3 Dabstan w Mtawasta Shahrstan Urmia, Fasllnama Zban Shnasi Ejtma3i.
- Glstani, Mwna & Hamkaran (1395). Mqyas Karkadahay Ejrayi w Xafza Dansh Amwzan Dwzban w Tak Zban, Dw Fasllnama 3lmi- Pazhwhashy Shnaxt Ejtma3y.

- Mahdadnxz, Gwy Kwhn (1393). Farhang Tawsyfy Zbanshnasi Tarixi, Chap Awal. Tahran,
- Mahmmod Zada, Kambyz (1388). Dw Zbangy w Tarjama Shafahy, Chap Awal, Nashr Rahnama, Tahran.
- Najaryan, Bahman & Mkawandy, Bahman (1376). Marwry bar Payamadhay Dwzbangy, Fasllnama Ta3lim w Tarbyat (Amwzsh w Parwarsh), Shmara (52).

## Arabic References:

- Jas ‹suzan & slingar ‹larî (2009). ektsab allxa alsanî, alcz alawl, tarjama: Majid Alhmd, cam3a almlk saud – alsaudîa.
- Jmal Baban (1976). asul asma almdn walmwaf3 al3raqî, alcz alawl ‹matba3a almajma3 al3lmî alkrdî, bxdad.
- Omar, Mahamad Abdulla (2004). Mabahs kurdya, altab3a alula, Matba3a Jam3a Salahadin, Arbil.
- Martini, Andrya (2009). Wazyfa Alalsn wadynamytha, Tarjama: Nadr Saraj, Altab3a Alula, almnazama al3arabya liltarjama, Bayrut.
- Alnu3aymi, Hisam Sa3id (1980). Aldrasat Allahjya walsawtya 3nda ibn Jni, silsila drasat (234), Daralrashid lilnashr, Manshurat Wazarat Alsaqafa wali3lam, Aljmhuryat Al3raqya.

## English References:

- Clyne, M. G., (1991). Community Language: the Australian Experience, Cambridge University press.
- Gumperz, J. (1982). Conversational code-switching. Cambridge: Cambridge University Press.
- Meyerhoff, Mirian (2019). Introducing Sociolinguistics, 3rd Edition, Routledge: London.
- Poplack, S. (1983). Department of Linguistics (code-Switching). Berlin: Mouton De Gruyter.